
کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۵۹

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۵۹ – سە رماوە ز – دێسامبر ۲۰۲۴



ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەد و پێشهاتەکانی داهاتووی سووریه

کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی نۆشینی جامی ژەهرێکی دیکەدا

"کلینیکی تەرکی بێ حیجابی"؛ حیجاب
سەنگەری ستراتیژیکی نیزامی ئیسلامی تێکدەشکێت

شەڕ لە سووریه بە ئامانجی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



میحوەری موقاوەمەت ڕووخا
دیواری حیجابی ئیجباریش دەڕووخێت

هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە
بۆسەر کوردستانی سووریه مەحکوومە

فیدرالیزم کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی ناهێنێت

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی
۲۵ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان (۲۰۲٤)

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار (١٤٠٣)

## سەروتار

### ڕووخانی بەشار ئەسەد و قۆناغی نوێی تاوانی شەڕ و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستانی سووریه

هاوکات لەگەڵ سیناریۆی ڕووخاندنی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد کە بەپێی پلانی ئەمریکا و ڕژیمی فاشیستی تورکیە و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل ئەنجامدرا قۆناغێکی نوێی تاوانی شەڕ و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستانی سووریه دەستپێکردووە. لەگەڵ پێشڕەوی هێزە کۆنەپەرستەکانی هەیئەتی تەحریری شام و پرۆسەی ڕووخانی ڕژیمی دەسەڵاتدار لە سووریه بەکرێگیراوانی حکوومەتی تورکیە لەژێرناوی "ئەرتەشی میللی سووریە" بەپشتیوانی ئەرتەشی ئەم وڵاتە لە زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆندا دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر شارەکانی شهبا و تەل ڕەفعەت. بە کوشتن و بریندارکردنی سەدان کەس ئەم دوو شارەیان داگیر کرد و هەزاران کەس لە دانیشتووانی ئەم دوو شارەیان دووبارە ئاوارە کردەوە. لە درێژەدا فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بە بۆمبارانی گوندی "عەین عیسا" لە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی مانگی سەرماوەز، ١١ ئەندامی بنەماڵەیەک لەوانە ٦ منداڵیان کوشت. ئەردۆغانی فاشیست دوای داگیرکردنی ئەم دوو شارە بەدەستی هێزە بەکرێگیراوەکانی "ئەرتەشی میللی سوریە"، بە ئیدیعای ئەوەیکە "هێزە کوردەکانی سووریە بە پشتیوانیی ئەمریکا ڕێگەیان پێدراوە لە شاری منبج بڕۆنە دەر"، بە مەبەستی داگیر کردنی شاری منبج هێرشی کردە سەر ئەو شارەش و بە ئاشکرا نیشانی دا کە لە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا ئەم تاوان و داگیرکارییە لە کوردستانی سووریە درێژە دەدات.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەوتەی ساڵح موسلیم ئەندامی شۆرای ڕێبەریی دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاوا، هەتا ئێستا سەرەڕای لێدوانە جیاوازەکانی "هەیئەتی تەحریری شام" بەهۆی نفووزی دەوڵەتی تورکیە، کوردەکانی سووریە وەک بەشێکی بەرچاو و کاریگەر لە لایەنە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە لە بەشداری لە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێدا بێبەش کراون. درێژەی تاوان و داگیرکاریی دەوڵەتی ئەردۆغان لە کوردستانی سووریە، لەناو ترس و هیوای خەڵک لە سەرتاسەری ئەم وڵاتە، مەترسی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆیی خستووەتە ئاسۆوە.

لەڕاستیدا هەر لە نوامبری ساڵی ۲۰۱۳ەوە کە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە پێکهاتنی شۆرای خۆبەڕێوەبەری کاتی بۆ ئیدارەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی ڕاگەیاند، دەوڵەتی تورکیە دوژمنایەتی ئاشکرای خۆی لەگەڵ ئەم ئەزموونە ڕاگەیاند. دەوڵەتی تورکیە لە کاتێکدا کە لەڕێگەی میلیشیاکانی سەر بە خۆی کە لەژێرناوی "ئەرتەشی میللی سووریە"دا ڕێکیخستوون دەیهەوێ




ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی حکوومەتی داهاتووی سووریە، بەکردەوە بە شەڕ و میلیتاریزم و داگیرکاری هەوڵ دەدات ئەزموونی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کوردستانیش لەناوبەرێت. دەوڵەتی تورکیە یەکجار لەوە دەترسێ کە سەقامگیریی دەسەڵاتی خۆسەر لە کوردستانی سووریە هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی خەڵکی کوردستان بگۆڕێت. بۆیە بە شێوازی حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بە داگیرکردنی بەشێک لە خاک و شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بە دروستکردنی ناوچەی ئارام لەسەر سنووری هاوبەشی کوردستانی سووریە، بارودۆخێکی یەکجار سەخت و دژواری بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا سەپاندووە. حکوومەتی تورکیە هاوکات لەگەڵ بەهێزکردنی گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی سەر بە خۆی، بەردەوام هێرشی کردووەتە سەر شار و گوندەکانی سەر ڕێی هاتوچۆی خەڵک و هێزەکانی سووریەی دیموکرات.

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، لە جەرگەی مەترسی و پیلانەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیە لە دژی خەڵکی کوردستانی سووریە، تەنیا بەشداریی چالاکی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و پیاوانی ستەملێکراوی کوردستانی سووریە لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و جێخستنی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی هەتا ئێستا و هەوڵدان بۆ پێکهێنان و قایمکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرتاسەری سووریە دەتوانێ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە بەڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە. لەم بارودۆخەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە لەسەر بەرابەری ژن و پیاو لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی وهەروەها لەسەر مافی ژن لە چوارچێوەی بنەماڵەدا پێداگری دەکەن، جەخت کردنەوە لەسەر بەرابەریی کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزییەکان لە بەرانبەر یاسا دا، بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان و پێداگری لەسەر ئازادییە سیاسییەکان و هتد، دەتوانێ یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی پشیتوانی خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی سەرتاسەری سووریە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان. جەماوەری ستەملێکراوی کردستان سووریە پێویستە خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی سووریە و ناوچەکە و جیهان بە هاوپەیمانانی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن. لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستادا خەڵکی کوردستانی سووریە زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە هاوسۆزی و پشتیوانیی خەڵکی ئازادیخوازی وڵاتانی ناوچەکە و سەرتاسەری جیهانە.

ئەزموونی هەتا ئێستای جیهان نیشانی داوە کە دەوڵەتی ئەمریکا نەتەنیا هاوپەیمانی نەتەوە ژێر ستەمەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە هیچ گۆشەیەکی جیهان نەبووە، بەڵکوو لە شکست پێهێنان و خەڵتانی خوێن کردنی ئەو بزووتنەوانەدا لە هیچ هەوڵێک دەریغی نەکردووە. ئەمریکا زیاتر لە حەفتا ساڵە لە جینۆساید و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین پشیتوانی دەکات. تاوانی شەڕ و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە کوردستانی سووریە بە بێ چرای سەوز و ڕەزامەندیی ئەمریکا ئەنجام نەدەدرا.

لەم ڕووەوە هەرجۆرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئەمریکا زەربە لە ئیعتباری بزووتنەوەی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەناو بیروڕای گشتیی پێشکەوتنخواز و خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەدا دەدات. لەم بارودۆخەدا تەنیا ئەو هێزە دەتوانێ خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەم دەربازگەیە تێپەڕێنێ و نوێنەرایەتی بەرژەوندیان بکات کە باوەڕی بە دەورونەخشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا بە پراتیک سەلماندبێ و هەموو ڕاستییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و بەرژەوەندە ستراتێژیکەکانی لە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە بۆ خەڵک باس بکات.

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی نۆشینی جامی ژەهرێکی دیکەدا

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠٣، پزشکیان سەرۆک کۆماری خزمەتکار و ملکەچی ویلایەت، لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی سیاسەتی دەرەوەدا لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی پێشووی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا باسی لە پێویستیی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا کرد و وتی: "ئێمە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ لە بواری نێو دەوڵەتیدا لەگەڵ ئەم وڵاتە ڕووبەڕوو دەبینەوە. کەوابوو خۆمان دەبێ مودیریەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا بگرینە دەست". ناوبراو چارەسەری کێشەی دارایی و قەیرانی ڕژیمی لە پەیوەستبوون بە گرووپی تایبەتی بەدواداچوونی دارایی (FATF)دا وەسف کرد و وتی: "چارەیەکمان نییە بێجگەلە ئەوەیکە مەسەلەی (FATF) چارەسەر بکەین. چونکە ڕوو لە هەر کەس دەکەین دەڵێ ئەمریکا ئیجازەمان پێ نادا پێوەندیتان لەگەڵ بگرین". پزشکیان لەسەر پێویستی بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەقەولی خۆی "لەگەڵ دۆستان مروەت و لەگەڵ دوژمنان مودارا" جەختی کردەوە کە "ئابووری ئێمە نەخۆشە و بە بێ وەبەرهێنانی دەرەکی و لابردنی بەربەستەکانی بەرهەمهێنان، گەشەی ئابووری ڕوو نادات. بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشە ناوخۆییەکان و گەشەی وڵات دەبێ پێوەندی نێونەتەوەیی ڕێکبخرێت و گرژییەکان چارەسەر بکرێن". بەڵام پزشکیان و وەزیرانی پێشووی دەرەوەش باش دەزانن کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بڕیار لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە جێیەکی دیکەوە دەدرێت و دەوڵەت لەم بوارەدا جگە لە نووسینی نامە بۆ مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت دەسەڵاتێکی دیکەی نییە

عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژی چوارشەممە دوای چوونەدەر لە کۆبوونەوەی هەیئەتی دەوڵەت بە زمانێکی دیپلۆماتیک، هەر ئەم هەڵوێستەی دووپات کردەوە و بە هەواڵنێرانی وت: "تاران هەوڵ دەدات هەزینەی ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەمریکا کەم بکاتەوە. بە هەر حاڵ لەگەڵ ئامریکا ناکۆکیگەلێکمان هەیە. هێندێکیان بنەمایین بەڵام دەبێ مودیریەت بکرێن تا تێچووی نیزام کەم



بنەوە". لێدوانی ئاشکرای پزشکیان و عێراقچی و کاربەدەستانی دیکەی ڕژیم سەبارەت بە پێویستی گرتنی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا لە کاتێکدایە کە باس کردن لەم مەسەلەیە ساڵەهای ساڵە بۆ خامنەیی و بناژۆخوازانی مێشکی وشکی حکوومەت وەک حوسێن شەریعەتمەداری هێڵی سووری نیزامی ئیسلامی بووە. بەڵام لەو جێگەوە کە ئەوانیش دەزانن بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران گەیشتووەتە خاڵی تەقینەوە و هەموو ساتێک چاوەڕوانی ڕوودانی ئەم تەقینەوە کۆمەڵایەتییە و ڕامالینی دەسەڵاتەکەیانن، بە نیشانەی ڕەزایەتی ئیجباری لە بەرامبەریاندا بێدەنگییان گرتووەتە بەر لێدوانی ڕاشکاوانە و بێ ترسی زۆرێک لە بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لەم دوایییەدا سەبارەت بە ئەنجامدانی وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و "نەرمش و سازشی قارەمانانە"، نیشانەی نیگەران بوونیانە لەو مەترسیەی کە زۆر لە مەترسی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ کۆماری ئیسلامی گەورەترە. ئامادەبوونی کۆماری ئیسلامی بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، جامی ژەهرێکی دیکەیە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لە کاتی بزووتنەوەی جەماوەری ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨ وە بەتایبەت لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، داویانەتە دەست عەلی خامنەیی. لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو ئەو توندوتیژی و سەرکوت و کوشتارەی کە هێزە سەرکوتگەرە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دژبە کرێکاران، ژنانی ئازادیخواز، خوێندکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و پەرستاران و هەتەد، ئەنجامیان داوە بەڵام نەیانتوانیوە ئەوان لە بەدواداچوونی داخوازییەکانیان پاشگەز بکەنەوە و ئەم نارەزایەتییانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری گەشە کردووە. هەڵبەت قەیران و کێشەکانی کۆماری ئیسلامی یەک و دووان نین. ڕێبەران و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەموو ڕۆژێ مەجبوور دەبن دان بە قەیرانێکی چارەهەڵنەگری دیکەی دەسەڵاتەکەیان دابنێن. لە قەیرانی ئابووری و ئیفلاسی دارایی و نەبوونی پارە بۆ پێدانی مووچەی کارمەندان و خانەنشینان هەتا قەیرانی ئاو، بەرق، خزمەتگوزاریی دەرمان، بێنزین و نەوت و گاز و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە

بەڵام هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی قەیرانەکانی ناوخۆی ڕژێم هەڕەشە و فشارەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و یەکیەتی ئورووپا لە دژی کۆماری ئیسلامی بەهۆی هاوکاریکردنی

لەگـەڵ ڕووسـیە لـە شـەڕی ئۆکرایـن و دەسـتێوەردانی ڕژێـم لـە ناوچەکـەش زیـادی کـردووە. ئـەم حکوومەتانـە سـەبارەت بـە ئەگـەری خسـتنەگەڕی "میکانیزمـی ماشـە" و گەڕاندنـەوەی سـەرجەم سـەزاکان بۆ سـەر کۆمـاری ئیسلامـی هۆشـداری دەدەن. لـەم پەیوەندییـەدا ڕافایـڵ گروسـی بەڕێوەبـەری گشـتیی ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ئەتۆمـی بـە پەیامێکـی هۆشـدارەوە بـەرەو تـاران وەڕێکـەوت. ناوبـراو ڕۆژی پێنجشـەممە ٢٤ی مانگـی خەزەڵـوەر وێـڕای ئامـاژە بـە گۆڕانـی سیاسـەتەکانی دەوڵەتانـی ڕۆژئـاوا وتـی: "ئـەم سـەفەرەی مـن لـە بارودۆخێکـی ئاڵـوزدا ئەنجام دەدرێـت. قەیرانێـک بوونـی هەیـە و تـاران لـە ناوەنـدی ئـەم گرژییەدایـە. دەبـێ ناوەنـدە ئەتۆمییەکانـی ئێران چاوەدێریی بەسـەردا بکرێـت و ئـەوەش هیـچ باسـێک هەڵناگرێـت. ئـاوا نییـە کـە وڵاتێـک بەخاتـری هێشـتنی پشـکنین و چاوەدێـری کردنـی، دەبـێ خەڵاتـی پـێ بدرێـت. حەتمـەن دەبـێ سـایتە ئەتۆمییەکانـی ئێـران بخرێنـە ژێـر چاوەدرێیـەوە و سـبەینێ سـەردانی سـایتی فـۆردۆ و نەتەنـز دەکـەم

ئـەم وتانـەی گروسـی لـە کاتکێدایـە کـە حەوتـووی داهاتـوو لـە کۆبوونـەوەی شـۆرای حوکامـی ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ئەتۆمیـدا ڕاپۆرتێـک لەسـەر چالاکیـی ئەتۆمیـی کۆمـاری ئیسلامـی بـەم شـۆرایە دەدات. گروسـی وتـی: "لەئێسـتادا ناتوانیـن بـە ڕوونـی بـە کۆمەڵـگای نێونەتەوەیـی بڵێیـن کـە چ شـتێک خەریکـە ڕوو دەدات. بـەڵام کۆمـاری ئیسلامـی دەبـێ یارمەتـی ئێمـە یـان بەواتایەکـی تـر یارمەتیـی خـۆی بـدات". لـەم پەیوەندییـەدا "کایـا کالاس" کـە قـەرارە ببێتـە جێنشـینی جۆزێـپ بۆریـل (بەرپرسـی سیاسـەتی دەرەوەی یەکیەتیـی ئورووپـا)، وێـڕای ئامـاژە بـە تۆمەتباربوونـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە دابینکردنـی مووشـەک و درۆن بـۆ ڕووسـیە لـە شـەری ئۆکرایـن، خوازیـاری ئامادەکردنـی بەرنامەیەکـی لێبڕاوانەتـر سـەبارەت بـە کۆمـاری ئیسلامـی بـوو. بێگومـان کـردەوەی دەوڵەتانـی ڕۆژئـاوا بەتایبـەت چـالاک کردنـەوەی "مێکانیسـمی ماشـە" بارودۆخـی ئێـران خـراپتر دەکات و دووکەڵەکەشـی ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە نـاو چـاوی جەمـاوەری کرێـکار و زەحمەتکێشـی ئێرانـەوە

هەڵوێسـتی "نەرمـش و سازشـی قارەمانانـە"ی ڕژێمـی ئیسلامـی بەرامبـەر بـە ئەمریـکا و قەبووڵکردنـی مەرجەکانـی "ئێـف ئـەی تـی ئێـف"، سـەبارەت بـە سـپیکردنەوەی پـارە و یارماتـی دان بـە ڕەوتـە تیرۆریسـتە ئیسلامییـەکان، بەتایبـەت لـە بارودۆخێکـدا کـە شکسـتی "ستراتێـژی هێرشـی بەرگرانـە"ی ڕژێـم لـە ئاکامـی گورزەکانـی ئیسرائیـل لـە حیزبـوڵلا و سـپای پاسـداران زیاتـر لـە ڕابـردوو ئاشـکرا بـووە و هێزەکانـی بەنـاو "میحـوەری موقاومـەت "یەکرێـزی خۆیـان لەدەسـت داوە. ئەمـە نـەک سیاسـەتی پزشـکیان بەڵکـوو گۆڕانـی ئاراسـتە و هەڵوێسـتی ڕێبـەری سـپای پاسـداران و شەخسـی خامنەییـە. ئامانجـی هێنانـەدەری نـاوی پزشـکیان لـە سـندووقەکانی شـانۆی هەڵبژاردنیـش، بـۆ نیشـاندانی ئاراسـتەی "نەرمـش و سازشـی قارەمانانـە" بـە ئەمریـکا و دەسـەڵاتەکانی ڕۆژئـاوا بـوو. چونکـە کۆمـاری ئیسلامـی دەزانـێ کـە لـە ڕووی ئابوورییـەوە تووشـی شکسـت بـووە و کەوتووەتـە ژێـر گوشـارێکی گـەورەوە. تـا ڕادەیـەک کـە مانـەوەی نیزامـی ئیسلامـی نـەک لـە دەرەوە لەلایـەن دەوڵەتانـی ئیسرائیـل، ڕۆژئـاوا و ئەمریـکا بەڵکـوو لـە نـاوەوە و لـە لایـەن جەمـاوەری کرێـکار و زەحمەتکێشـی کۆمەڵـگاوە و بـە ئامـرازی مانگرتـن و ناڕەزایەتـی بـەردەوام لەئاسـتی سەرتاسـەریدا کەوتووەتـە ژێـر هەڕەشـەیەکی مەترسـیدار و جیددییـەوە

❋❋❋

# "کلینیکی تەرکی بێ حیجابی"؛ حیجاب سەنگەری ستراتێژیکی نیزامی ئیسلامی تێکدەشکێت

لـە سـەروبەندی ٢٥ی نـوامبر ڕۆژی جیهانـی خەبـات بـۆ نەمانـی توندوتیـژی بەرانبـەر ژنـان، ڕۆژی شـەممە ٣ی مانگـی سـەرماوەز، زارا بێهرووزئـازەر جێگـری مەسـعوود پزشـکیان بـۆ کاروبـاری ژنـان و بنەماڵـە، نەبوونـی پەیوەندیـی دەوڵەتـی لەگـەڵ تەرحـی تـازەی "سـتادی ئەمـری بـە مەعـڕووف و نەهـی لـە مونکـەر" لەژێرنـاوی "کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی" ڕاگەیانـد. ناوبـراو لـەوەش واوەتـر چـوو و وتـی ئـەم تەرحـە لەلایـەن هێندێـک کـەس و گرووپـەوە بـە ئامانجـی شـەڕی دەروونـی گەڵاڵـە کـراوە و ئامانجیـان کەمکردنـەوەی متمانـەی خەڵـک بـە دەوڵەتـە. لێدوانەکانـی جێگـری کاروبـاری ژنانـی کابینـەی پزشـکیان لـە کاتکێدایـە کـە ڕۆژی شـەممە ٢٦ی مانگـی خەزەڵـوەر، ڕۆژنامـەی ئیعتماد لـە ڕاپۆرتێکـدا نووسـیی: "مێهـری دارسـتانی"، سـەرۆکی ئیـدارەی ژنانـی سـتادی ئەمـری بـە مەعـڕووف و نەهـی لـە مونکـەر وەک بەرپرسـی تەرحـی "دروسـتکردنی کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی" وتبـووی، لـە



گەڵاڵـەی بوودجـەی سـاڵی ١٤٠٣دا، بـڕی ١٥٥ ملیـارد تمـەن لـە "بوودجـەی گشـتی" و ١٠٠ ملیـارد تمەنـی دیکـەش لـە "بوودجـەی خسووسـی" بـۆ ئـەم تەرحـە تەرخـان کـراوە. کەوابـوو ئـەوە نـەک "هێندێـک کـەس و گـرووپ" بەڵکـوو خاوەنـی تەرحـی دروسـتکردنی "کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی" سـەرۆکی ناوەندێکـی گرینگـی ئیدئولۆژیـی حکوومەتـی ئیسلامییـە کـە دەسـەڵاتی جێبەجـێ کردنـی زۆر لـە کابینـەی تەداروکاتچـی پزشـکیان زیاتـرە

ئـەم تەرحـە کۆنەپەرستانە و دژەژنـە کـە بـە وتـەی بەرپرسانی، سـەرچاوەگرتوو لـە عەقڵیەتـی بەکۆمەڵـی سـتادی "ئەمـری بـە مەعـڕووف و نەهـی لـە مۆنکـەر"ی کۆمـاری ئیسلامییـە، دەسـتبەجێ لەگـەڵ کاردانـەوەی چالاکانـی مافـی ژن و باقـی ناوەنـدە مەدەنـی و پزیشـکییەکان بـەرەوڕوو بـووەوە. هێندێک لـە پزیشـکان و دەروونناسـان ڕایانگەیانـد کـە بەکارهێنانـی وشـەی "کلینیـک و دەرمـان" بـۆ ئـەم تەرحـە، کەڵکـی وەرگرتنـی نابەجـێ حکوومـەت لـە زانسـتە. ناڕەزایەتیـی بەرینـی ژنـان و چالاکانـی مافـی مـرۆڤ بـەم گەڵاڵـە ئەمنیەتییـەی ڕژێـم، بـووە بەهـۆی ئەوەیکـە بەرپرسـانی کۆنەپەرسـتی سـتادی ئەمـری بـە مەعـڕووف و نەهـی لـە مونکـەر بـە لێدوانـی ناتەبـا دەسـت بکـەن بـە پاسـاوکردنی. لـەم بـارەوە مێهـری دارسـتانی وتـی کـە دوای لێکۆڵینـەوەی تایبـەت و کۆبوونـەوەی کارناسـی، بڕیـار درا کـە یەکەمیـن کلینیکـی تایبـەت بـە موشـاورە و پشـتیوانی لـە ژنـان لەژێرنـاوی "کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی" لـە تـاران دروسـت بکرێـت. محەممـەد ڕەزا میـر شـەمسـی، جێگـری کاروبـاری کۆمەڵایەتیـی سـتادی "ئەمـری بە مەعـرووف و نەهی لـە مونکەر"یـش وتـی کـە ئـەم تەرحـە جێگـروەی "حوکمـی جەریمـە"ی ئـەو هاووڵاتییانـە دەگرێتـەوە کـە دەسـت دەدەنـە کـردەوەی نایاسـایی لابردنـی حیجـاب

ناڕەزایەتیـی بەریـن دژبـە نـاوی کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی بـوو بەهـۆی ئەوەیکـە بەرپرسـانی پەیوەندیـدار نـاوی دیکـەی وەک "کلینیکـی جوانیـی کۆمەڵایەتـی"، "مەحفەلـی تەرکـی بـێ حیجابـی" و هیـتر بـەکار بێنـن و بەسـتێنی پاشەکشـەکردن لـەم تەرحـە بۆخۆیـان فەراهـەم بکـەن. سـتادی خورافـەی ئەمـری بە مەعـڕووف و نەهـی لـە مونکـەری ڕژێـم لای وابـوو دەتوانـێ بـەم تەرحـە وەهـا تەسـەورێک لـە کۆمەڵـگادا جـێ بخـا کـە گۆیـا ئـەو ژنانـەی یاسـای حکوومەتـی ئیسلامـی و حیجابـی ئیجبـاری دەخـە ژێـر پـێ لـە بـواری دەروونییـەوە نەخۆشـن و دەبـێ لـە کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی چارەسـەر بکرێـن. بـەڵام ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە ئەمـڕۆ ژمـارەی ئـەو ژنانـەی لـە نـاو کۆمەڵـگادا حیجـاب لەسـەر ناکـەن یەکجـار زیاتـر لـەو ژنانەیـە کـە بـە هـەر دەلیلێـک قەبووڵیـان کـردووە

لـە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی ژینـادا ژنانـی تێکۆشـەر و ئازادیخـواز بـە عـەزم و ئیـرادەی خۆیـان لـە حیجـاب و یاسـا و حوکمـی کۆنەپەرسـتانە و دژەژنـی حکوومەتـی ئیسلامـی تێپەڕیـن. هـەر بۆیـە تەرحـی ئەمنیەتیـی "کلینیکـی تەرکـی بـێ حیجابـی"شـیان دەسـتبەجێ تووشـی شکسـت کـرد. ئـەوەش لـە کاتێکدایـە کـە عەلـی خامنەیـی ماوەیـەک لەوەپێـش لـە پێگـەی ولایـەت و مەرجەعـی تەقلیـددا بـۆ جارێکـی تـر دووپاتـی کـردەوە کـە: "حیجـاب حوکمـی ڕەوای شـەرعی و سیاسـییە و نابـێ پشـتگوێ بخرێـت. لابردنـی حیجـاب سـەرەتای کارە. ئامانجـی دوژمـن گەڕاندنـەوەی فـەزا بـۆ بـەر لـە ئینقلابـە. بەپێـی ڕاپۆرتـی جێـگای متمانـە کـە بەدەسـتمان گەیشـتووە دوژمـن کەسـانێکی بەکـرێ گرتـووە تـا هـەرج و مـەرج دروسـت بکـەن و حورمەتـی حیجـاب بشـکێنن".

هەڵبـەت خامنەیـی ئـاگادارە کـە گەڵاڵـەی دژەژنـی حیجـاب و عیفـاف دوو سـاڵ لـە نێـوان دەوڵـەت و مەجلیـس و شـۆرای نیگەهبـان و مەجمەعـی تەشخیسـی مەسـڵەحەتدا دەسـت بـە دەسـتی پێدەکـرا تـا سـەرەنجام پەسـندکرا. بـەڵام ئێسـتاش نـە دەوڵەتـی پزشـکیان و نـە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی ناوێـرن ئـەم یاسـایە بەڕێوەبـەرن. پزیشـکیان لـە ترسـی سـەرهەڵدانی ئاخێـزی ناڕەزایەتـی سەرتاسـەری و بەهـۆی دڵسـۆزیی بـۆ حکوومەتـی ئیسلامـی مانگـی ڕەزبـەری ڕابـردوو وتـی: "گرتنەبـەری شـێوازی تەنـگ نەزەرانـە و ڕەفتـاری سـەلبی، هەزینەتاشـین بـۆ نیزامـە. هیـچ زوڵمێـک لـەوە گەورەتـر نییـە کـە ڕەفتـاری هەڵـە بـە زۆر لـە کۆمەڵـگادا جێبەجـێ بکـرێ". فاتمـەی مۆهاجرانـی وتەبێـژی دەوڵەتیـش سـەبارەت بـە گەڵاڵـەی حیجـاب و عیفـاف ڕایگەیانـد کـە "بـە زۆر ناکـرێ مەسـەلەی فەرهەنگـی لـە کۆمەڵـگادا جێبخـەی". برووجـردی ئیسلاح تەڵـەب و شـارەزای فێقهـی سیاسـیش لەمبـارەوە وتـی "حکوومـەت دەبـێ بـەو دەرکـە بـگات کـە مەسـەلەی حیجـاب بـە دڵـی هەمـوو خەڵـک نییـە و ئاکامـی ئـەم جـۆرە یاسـایانە




تەنیا قەبووڵ نەکران و بەڕێوەنەچوونی لەلایەن خەڵکەوە دەبێت. تەنانەت ئەگەر پێکهاتەی سیاسیش بیهەوێ ناتوانێ ئەو کارە بکات چونکە کۆمەڵگا بە شێوازی خۆی هەڵسوکەوت دەکات."

بەڵام پێداگری خامنەیی و باقی ئاخوند و ئوسوولگەرا وشک مێشکەکان لەم پەیوەندییەدا بێهۆ نییە. ئەوانیش دەزانن کە ٤٥ ساڵە حکوومەتی ئیسلامی بەوپەڕی دڕندەییەوە بۆ داسەپاندنی حیجاب ئەم هێمای کۆیلەتیە، ژنانی خستووەتە ژێر فشارەوە. دەزانن کە سەرەڕای بوودجەیەکی بەرین کە لەم بوارەدا بەفیڕۆیان داوە، سەرەڕای کوشتن و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، سەرەڕای ئەو یاسا و بەربەستە کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ ژنانیان پێکهێناوە نەیانتوانیوە ژنان و کۆمەڵگا بەگشتی بۆ قۆناغی بەر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بگەڕێننەوە. خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ڕژیم دەزانن کە کێشەی ژنانی خەباتکار و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نەتەنیا حیجاب بەڵکوو تەواوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە. هەروەک بۆخۆیان دانی پێدا دەنێن: "حیجاب سەنگەری ستراتێژیکی نیزامی ئیسلامییە، ئەگەر سەنگەری حیجاب ڕادەست بکەین، دوژمن باقی سەنگەرەکانیش مان لێدەگرێتەوە". بەڵام لەڕاستیدا سەنگەری حیجاب دەمێکە فەتح کراوە، تەمەنی ئەم حکوومەتە تاوانکارە دەمێکە کۆتایی هاتووە و مەجبوورە هەموو سەنگەرەکان تەسلیمی خاوەنانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا بکاتەوە

❊❊❊

بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:

alternative-shorai.tv

# ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەد و پێشهاتەکانی داهاتووی سووریە

تەنیا ١١ ڕۆژی دوای دەستپێکی هێرشی نیزامیی ئەم دواییەی گرووپی ئیسلامیی "هەیئەتی تەحریری شام" بۆ سەر هێزەکانی ئەرتەشی سووریە، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی مانگی سەرماوەز لەگەڵ نزیک بوونەوەیان لە دیمەشق، بەشار ئەسەد ڕایکرد و بەم جۆرە ڕژیمی دیکتاتۆریی ٥٣ ساڵەی ئەسەد لە سووریە ڕووخا. وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە بۆ پاساوکردنی ئەم شکستە ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند کە: "بەشار ئەسەد دوای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان لە سەرۆک کۆماری دەستی کێشاوەتەوە و وڵاتی بەجێهێشتووە". ڕووسیە پشتڕاستی کردووەتەوە کە مافی پەنابەرێتی بە بەشار ئەسەد و بنەماڵەکەی داوە. بەم شێوەیە دیکتاتۆرییەتی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەد کۆتایی پێهات. ئەو دیکتاتۆرانەی کە تاوانی بێشوماری ترسناکیان بەرامبەر بە خەڵکی ستەمدیدەی سووریە ئەنجامدا. لە کوشتاری ٤٠ هەزار کەس لە شاری "حەما" لە ساڵی ١٩٨٢ هەتا شەڕی چوار ساڵەی ڕژیمی بەشار ئەسەد لەدوای سەرکوتی ئاخێزی جەماوەری ساڵی ٢٠١١، کە لە هاوکاری لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەرتەشی ڕووسیە بە قیمەتی کوشتنی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس، ئاوارەبوونی نیوەی دانیشتووانی سووریە و وێرانی و هەژاری و فەلاکەتی خەڵک بەڕێوەچوو. مافی خەڵکی سووریە بوو کە بەشار ئەسەد بە تاوانی جەنگ لە دادگایەکی جەماوەریدا لە سووریە دادگایی بکەن

ڕووخانی ئەم ڕژیمە تاوانبارە وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی شادی و خۆشی زۆرینەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە و جیهان بەتایبەتی خەڵکی ئێران و کوردستانی لێکەوتەوە. لەهەمانکاتدا هاوسەنگی هێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕی و گورزێکی دیکەی لە ستراتیژی "شەڕی پێشگرانە و قووڵایی ستراتێژی" کۆماری ئیسلامی و بەرەی موقاوەمەتەکەی دا. لەگەڵ ڕووخانی بەشار ئەسەد، "میحوەری موقاوەمەتی کۆماری ئیسلامی تێکشکا. باڵیۆزخانەی ڕژێمی ئیسلامی و شوێنی نیشتەجێبوونی بەشار ئەسەد تاکە شوێن بوون لە سووریە کە لەلایەن جەماوەری تووڕەوە هێرشیان کرایە سەر. پەیکەری حافز و بەشار ئەسەدیان لەسەر شەقامەکان ڕووخاند و وێنەی خومەینی و خامنەیی و قاسم سولەیمانی و حەسەن نەسروڵلایان لە باڵیۆزخانەکەدا دڕاند و پێشێلیان کرد

بەڵام بەداخەوە ڕووخانی ئەم دیکتاتۆرە دەرئەنجامی شۆڕشێکی کۆمەلایەتی نەبوو بەڵکوو بەپێی پلانی پێشوەختەی ئەمریکا و ڕژیمی فاشیستی تورکیە و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل بوو. سەرکردایەتی ئەم سیناریۆیە کە ڕۆژێک پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوان حکوومەتی ئیسرائیل و حیزبوڵلا لە لوبنان دەستیپێکرد، بە بزووتنەوەی ئیسلامی "هەیئەتی تەحریری شام" بە سەرۆکایەتی ئەبوو محەمەد جەولانی سپێردراوە کە ئێستا دەیەوێت بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی "ئەحمەد حوسێن شارع" بناسرێت. واتە هەر ئەو کەسەی کە ئەمریکا ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ کوشتن یان دەستگیرکردنی دیاری کردبوو. ئەم گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییە کە بەشێک بوو لە ئەلقاعیدە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە لەژێرناوی هەیئەتی تەحریری شام چالاکی دەکات. ئەحمەد شارع ڕۆژی یەکشەممە دوای گەیشتنی بۆ دیمەشق هاوشێوەی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش لە مزگەوتی مێژوویی ئەمەوی لە دیمەشق دەرکەوت و وتارێکی پێشکەش بە لایەنگرانی کرد. ئەو ڕوو بە چەکدارانی گرووپەکەی چەندین فەرمانی دەرکرد بۆ نموونە " تەقەی هەوایی قەدەغەیە، چونکە دەبێتە هۆی ترس و نیگەرانیی خەڵکی سڤیل، دەستتێوەردان و زیان گەیاندن بە دامەزراوە گشتییەکان قەدەغەیە، هەرجۆرە هێرش و زیان گەیاندن بە مڵک و ماڵی خسووسی بە هەر شێوەیەک قەدەغەیە ". وە بەم فەرمانانە ژێستی ئەوەی گرت کە یاساکانی دیموکراسیی خوازراوی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان ڕەچاو دەکات. تا نیشانی بدات کە لە ڕابردووی خۆی دوور کەوتووەتەوە و جۆرێکی تر لە حکوومەتی ئیسلامی بەرقەرار دەکات. بێگومان ئەگەر کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی سووریە خێرا نەکەونە خۆ و لە بۆشایی ئیداری و حکوومەتیی ئێستا، ناوەندەکانی دەسەڵاتی خۆیان پێکنەهێنن، ڕەوتە ئیسلامی و غەیری ئیسلامییەکان



بە پشتیوانیی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە و ئەمریکا، حکوومەتێکی دیکتاتۆریی دیکە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانە لە سووریە، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی مانگی سەرماوەز لە پەراوێزی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی هەشت حکوومەت کە لە دەوحە بەڕێوەچوو بە تیشک خستنە سەر ئاڵوگۆڕەکانی سووریە هادی بەحرە سەرۆکی "هاوپەیمانی نیشتمانی سووریە" کە یەکێکە لە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژیمی ئەسەد باسی لە پێویستیی قۆناغێکی ئینتقالیی ١٨ مانگە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سووریە کرد. گوتیشی " دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا دەستوورێکی نوێ دابڕێژرێت و یەکەم ڕیفراندۆم لەسەر جۆری حکوومەت (پەرلەمانی ، سەرۆکایەتی یان سیستەمی پێکهاتەیی) ئەنجام بدرێت و پاشان لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت و خەڵک ڕێبەری خۆی هەڵدەبژێرێت. لەو کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەرەوەی تورکییە هاکان فیدان گوتی " لەم بارودۆخەی ئێستادا نابێت ڕێگە بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان (واتە پەکەکە) بدرێت سوود لەو دۆخە کەڵک وەربگرن و حکوومەتی نوێی سووریە نابێ هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر دراوسێکانی دروست بکات"

ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەوتەی ساڵح موسلیح ئەندامی شۆرای ڕێبەریی دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاوا، هەتا ئێستا

سەرەڕای لێدوانە جیاوازەکانی "هەیئەتی تەحریری شام" بەهۆی نفووزی دەوڵەتی تورکیە، کوردەکانی سووریە وەک بەشێکی بەرچاو و کاریگەر لە لایەنە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە لە بەشداری لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا بێبەش کراون. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەم ئەو و هەم مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریەی دیموکرات و بەرپرسانی دیکەی ڕۆژئاوا بەیاننامەیان بڵاوکردووەتەوە و هیوایان خواستووە کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەرفەتێکی نوێ بێت بۆ چاکسازی سیاسی و کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ و یەکڕیزیی خەڵکی سووریە بەگشتی و ڕایانگەیاندووە کە بۆ دۆزینەوە چارەسەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی مانگی سەرماوەز فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بە بۆمبارانی گوندی عەینی عیسا لە ڕەقە ١١ ئەندامی بنەماڵەیەکیان کوشت کە شەشیان منداڵ بوون. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ "هەیئەتی تەحریری شام" هەیە، بە کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتەی کە لە سووریە پێشهاتووە بێجگەلەوەیکە بە هێرش بۆسەر "شەهبا و تەل ڕەفعەت" دەیان هەزار کەسی ئاوارەی کوردی لە کەمپەکانی پەنابەری بۆ جارێکی تر ئاوارە کردووە، بە کۆبوونەوەی هێزە بەکرێگیراوەکانی "ئەرتەشی نیشتمانیی سووریە" لە دەوروبەری شاری "منبج" و بۆمبارانی ئەم ناوچەیە، شەڕێکی جەنایەتکارانەی دیکەی بەدژی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی داگیرکردنی زیاتری کوردستان و لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاوا دەستپێکردووە. لەو بارەیەوە ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی سەماوەز گوتەبێژی هێزەکانی "هەسەدە" ڕایگەیاند کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزە بەکرێگیراوەکانی تورکیە لەگەڵ هێزەکانی سووریەی دیموکرات "هەسەدە" تووشی تێکهەڵچوون بوون. جگە لە بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانە هێزەکانمان گورزێکی قورسیان لە هێزەکانی سەر بە تورکیە داوە و سەرقاڵی پاککردنەوەی ناوچەی "منبج"ین. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان بە بەکارهێنانی هێزە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی و بە شەڕنانەوەی بەردەوام، مەترسیی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆیی لە سووریە خستووەتە ئاسۆوە

بێگومان بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بیروڕای پێشڕەو و چەپ و کۆمۆنیستی سووریە، ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی ئەسەد دەبێ هەنگاوی یەکەم بێت لە خەبات بۆ ڕزگاری لە هەژاری و برسیەتی و جیاکاری و زەبروزەنگ و کوشتار. لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد بۆ ڕزگاریی ڕاستەقینە، پێویستە دەستبەجێ جەماوەری خەڵک دەست بە کاری سازماندان و بەرپاکردنی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەریی خۆیان بن. بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی خەڵکی کوردستان لە هەموو شار و گوندەکانی وڵات ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان پێکبێنن و بە دامەزراندنی ئەم ناوەندانە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بگرنە ئەستۆ. تەنیا لەم ڕێگەوەیە کە خەڵکی سووریە دەتوانن خۆیان لە مەترسیی هەرجۆرە نیزامێکی سەرکوتگەری سەرمایەداریی مەزهەبی و غەیری مەزهەبی ڕزگار بکەن و ببنە وەزنەیەکی کاریگەر لە دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا

## شەڕ لە سووریە
## بە ئامانجی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژی چوارشەممە ٧ی مانگی سەرماوەز گرووپی ئیسلامیی "هەیئەتی تەحریری شام"، لە هێرشێکی خێرا و لەناکاودا ژمارەیەکی زۆر لە شار و گوندەکانی باکووری ئیدلب بەرەو حەلەبیان داگیر کرد کە بە ڕەواڵەت لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەددا بوون. هەر لە ڕۆژی یەکەمدا لە هێرشێک بۆسەر کۆبوونەوەی هێزەکانی سپای پاسداران و حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و زەینەبیوون کە لەو ناوچەیەدا جێگیر بوون زیاتر لە ٢٧٠ کەسیان کوشت کە سەرتیپی پاسدار کەیوومەرس پوورهاشمی ناسراو بە (حاج هاشم) یەکێک لە کوژراوەکان بوو. ئەم گرووپە دوای سێ ڕۆژ هەموو شاری حەلەب، دووهەم شاری گەورەی سووریە و پایەختی ئابووریی ئەم وڵاتە و هەموو شار و گوندەکانی ئەم پارێزگایەیان بە بێ هیچ بەرەنگارییەک خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. وێنەی داگیرکردنی کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە حەلەب و هێنانەخوار و ئاگر تێبەردانی ئاڵای کۆماری ئیسلامی و وێنەی خومەینی،



خامنەیی، قاسم سولەیمانی و نەسروڵڵا دەستبەجێ لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە و لەئاستی جیهاندا ڕەنگدانەوەی بوو. ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی مانگی سەرماوەز ئەم تاقمە شاری ستراتژیکی "حەما" کە چوارەمین شاری گەورەی سووریەیە گرتیان. لەئێستاشدا بەرەو باشووری ئیدلب شەڕ هەروا درێژەی هەیە

هەیئەتی تەحریری شام لە ساڵی ٢٠١١دا لەژێرناوی بەرەی نوسرەدا چالاکیی دەکرد. بەڵام ساڵی ٢٠١٦ ئەبوو محەممەد جەولانی، ڕێبەری ئەم گرووپە بەئاشکرا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەلقاعیدە پچڕاند و بەرەی نوسرەی هەڵوەشاندەوە و بە تێکەڵکردنی چەند گرووپی ئیسلامیی هاوشێوە، ڕێکخراوێکی نوێی پێکهێنا کە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە لەژێرناوی "هەیئەتی تەحریری شام"دا چالاکی دەکەن. ئەم ڕەوتە کاتێک لەژێرناوی بەرەی نوسرەدا چالاکیی دەکرد، بەدوای بۆمبارانی چڕ و بەردەوامی ڕووسیە بۆ بەرگری لە حکومەتی بەشار ئەسەد، لە ساڵی ٢٠١٥دا لە هێندێک بنکەکانی پاشەکشەی کرد و لە ئیدلب جێگیربوو. لەو سەردەمدا گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی سووریە بەپێی نەخشە، لەلایەن دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بۆ شەڕ دژبە ڕژێمی ئەسەد پرچەک کران و پشتیوانییان لێکرا. بەم شەڕە کۆنەپەرستانە، نارەزایەتیی ڕەوای کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتووی سووریە لە بێکاری و هەژاری و برسیەتی و لە دیکتاتۆری و زەبروزەنگ و کوشتاری ڕژێمی ئەسەد خرایە پەراوێزەوە و شکستیان پێ هێنا. لەماوەی سێ ساڵ شەڕی جنایەتکارانەی ئەم گرووپانە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد، زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە خەڵکی سووریە کوژران، پتر لە یەک ملیۆن کەس بریندار و کەم ئەندام بوون، زیاتر لە شەش ملیۆن کەس ئاوارە بوون و وڵاتی سووریە بوو بە وێرانە

شەڕی "هەیئەتی تەحریری شام" ڕێک ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە لوبنان دەستپێیکرد. لەم ڕوانگەوە گرتنەوەی حەلەب لەلایەن ئەم گرووپە پێویستە بە گۆڕانکاری هەم لە شەڕی ناوخۆیی ١٣ ساڵەی سووریە و هەم لە شەڕی جنایەتکارانەی ئیسرائیل لە ناوچەکە دابنرێت. شەڕی ئێستا لە سووریە لە کاتێکدا دەستپێیکردووە کە دوو ئەکتەری دیکەی سیاسی و نیزامیی ناوچەکە، واتە هەم ڕووسیە بەهۆی بەردەوامبوونی شەڕی درێژخایەن و پرهەزینەی ئۆکراین و هەم کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت" بەهۆی ئەو گورزە کاریانەی کە لە لوبنان لێیان دراوە، لەگەڵ ئاستەنگی ستراتژیک بەرەوڕوون و بۆ هاوپەیمانی دێرینەیان بەشار ئەسەد کارێکیان لەدەست نایە

ئەردۆغان وەک یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم شەڕە ڕۆژی سێشەممە ١٣ی سەرماوەز لە وتارێکدا وای نیشان دا کە گۆیا خوازیاری کۆتایی شەڕ و پاراستنی سەقامگیری و ئارامی و "یەکپارچەیی خاکی سووریە"یە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە تاقمی "تەحریری شام" بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی تەواو لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە ئەم هێرشەی دەستپێکردووە. تورکیە نەتەنیا لەم گرووپە بەڵکوو لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە زیاتر لە ٤٠ هەزار بەکرێگیراوی تیرۆریستی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی لەناو زیاتر لە ٣٠ گرووپدا ڕێکخستووە و چەکداری کردوون. ئەگەر لەماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا بۆ داگیرکردنی شار و گوندەکانی کوردستانی سووریە بەکاری دێنان، ئەمجارە وەک پیادەنیزامی پێشخستنی ئامانج و پیلانەکانی خۆی و ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە بەکاریان دێنێ. ئەردۆغان ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبریش ڕایگەیاند کە ئەرتەشی تورکیە هێرشەکانی بەدژی کوردستانی سووریە درێژە دەدات و وتی دەوڵەتی بەشار ئەسەدیش پێویستە دژبە "پەکەکە" و "یەپەگە" و "پەیەدە" بچێتە ناو شەڕەوە.

هێرشی داگیرکەرانەی هەتا ئێستای تورکیە لە ڕۆژئاوا لە حاڵێکدا ئەنجام دراوە کە هێزە ئەمریکاییەکانی بەناو هاوپەیمانی هێزەکانی سووریەی دیموکراتیک "هەسەدە" لە ناوچەکەدا حزووریان بووە و تورکیە لە ڕێککەوتن و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا ئەم هێرش و داگیرکارییەی دەستپێکردووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕی "تەحریری شام" و پاشەکشەی هێزەکانی "هەسەدە" لە شارەکانی "تەل ڕەفعەت" و "شەهبا" ژیان و ئەمنیەتی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لەو کوردانەی کە بەدوای داگیرکردنی عەفرین لە کەمپەکانی دەوروبەری ئەم شارانەدا پەنایان گرتبوو کەوتووەتە مەترسییەوە و دووبارە ئاوارە بوونەتەوە

ئەوەیکە لە سووریە لەئارادایە، بەشێک لە پیلانێکی گەورەترە کە بە داهێنانی ئەمریکا و ئیسرائیل و بە هاوکاریی تورکیە بە ئامانجی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بەڕێوەدەچێت. دوو شاری گەورە و ستراتێژیکی وەک حەلەب و حەما لە سووریە کە ئێستا کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەم گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەوە، پێشتر لەلایەن هێزەکانی سپای پاسداران و حیزبوڵڵا و بە پشتیوانیی ئاسمانیی سووریە پارێزگارییان لێدەکرا. بەڵام ئێستا حزوورێکی دیار و بەرچاویان لەو ناوچەیەدا نەماوە. بلینکێن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ناڕاستەوخۆ لەئارادابوونی وەها پیلانێکی پشتڕاست کردەوە و وتی:"بەشداری نەکردنی بەرچاوی بەشار ئەسەد لە ڕەوتی سیاسیی ناوچەکە، زەمینەی بۆ هێرشی گرووپە چەکدارەکانی دژبەری حکوومەت ئامادە کردووە"

لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم پڕۆژەیە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە لۆبنان یەکجار دژوار دەبێتەوە. بەتایبەت



ئەوەیکە دەوڵەتی عێراقیش لەژێر فشاری ئەمریکادا بە دروستکردنی دیواری بێتۆنی و لێدانی خەندەکی ٦٠٠ میتری، دانانی دوربینی حەرارەتی و دەزگای ئەلەکترۆنیکی و شتی دیکە، جێگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر واحیدی ڕەزمی لە سنووری سووریە و بە هۆشدار دان بە گرووپە عێراقییەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆبەدوور گرتن لە هاتوچۆ بۆ سووریە، بەکردەوە لەم پڕۆژەیەدا هاوکاری دەکات

بێگومان ئەم شەڕە تاوانکارییەش کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی و هەژاری و برسیەتیی زیاتری بۆ خەڵکی ستەمدیدەی سووریە بەدواوە دەبێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی زیاتری حکوومەتی ئەسەد و ڕەنگە بڕووخێت. بەڵکوو بە فشاری کۆنتڕۆڵکراوی وەک پشتیوانی لە هەیئەتی تەحریری شام، درێژەی سزای ئابووری و فشاری دیپلۆماتیک دەیهەوێ بەشار ئەسەد لە بازنەی هاوپەیمانانی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بخاتە دەر. چونکە بۆ ئیسرائیل بوونی حکوومەتی لاوازکراوی ئەسەد لە دەسەڵاتی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سووریە باشترە. دەرکردنی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و پچڕاندنی ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی بە حیزبوڵڵای لۆبنان و بەهێزکردنی ئەم گرووپانە، شکستی "ستراتێژی شەڕی پێشگرانە"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە چوار دەیەیە لەڕێگەی ڕێکخستن و بەهێزکردنی ئەم گرووپانە و دەستتێوەردانی نیزامی بەڕێوەی بردووە، بەرچاوتر نیشان دەدات

❊❊❊

## ،میحوەری موقاوەمەت" ڕووخا"
## دیواری حیجابی ئیجباریش دەڕووخێت

٩٢٣ موعەلیمی ئازادیخوازی ئێران لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ یاسای ناسراو بە حیجاب و عیفاف ڕاگەیاندووە و لە مافی ئازادی هەڵبژاردنی لیباسی ژنان لێبڕاوانە پشتیوانیان کردووە. ئەم موعەلیمە ئازادیخوازانە لە بەشێک لە بەیاننامەکەیاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە: توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت ژنان و لاوان، وە بە شێوەی بەرچاوتر کچانی لاو و بوێرمان بە کردەوە نیشانیان داوە کە باوەڕێکی قووڵیان بە بنەمای مافی خاوەنداریێتی جەستە پەیدا کردووە و دەزانن کە لایەنەکانی تری ئازادی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراون. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەتایبەت لە ساڵی خوێناویی ١٤٠١ەوە سەلماندوویانە کە تەنانەت بە بەهای گیانیانیشیان بێ ڕێگە نادەن هیچ کەس بە هیچ هۆکارێک ئەم مافەیان لێ زەوت بکات و بێجگە لە ئەقڵی سەلیم و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و یاسای سەرچاوەگرتوو لێی، هیچ پێوەرێکی سنووردارکەری دیکە قەبووڵ ناکەن. لەم ڕووەوە ئێمە وەک موعەلیم، باوک، دایک، هاوسەر و هاووڵاتی بەپێی بەرپرسایەتیی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی خۆمان بۆ پشتیوانی لە ئازادی و لە خواستی ئینسانیی زۆرینەی کۆمەڵگا، دژایەتیی ڕاشکاوانەی خۆمان لەگەڵ ئەم گەڵاڵە نابەجێ و نەشاوە ڕادەگەیەنین. واتە ئەو گەڵاڵەیەی مافی بنەڕەتیی ئینسان سنووردار دەکاتەوە و هەڕەشەیە بۆ ئەمنیەتی دەروونی و گیانی ژنان و گشت بنەماڵە. بەتایبەت بۆ منداڵانی مەدرەسە کە ئێمە موعەلیمان بێجگەلە پەروەردەکردنیان، لەگەڵ بنەماڵەکان لەئاست ئەمنیەت و سڵامەتی جەستە و دەروونی ئەم ئازیزانە بەرپرسیارین. هەروەها ڕاشیدەگەیەنین کە بۆ هەموو جۆرە پشتیوانی و بەرگرییەک لە کچان و ژنانی وڵاتەکەمان ئامادەین

بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ٩٢٣ موعەلیمی ئازادیخواز لە کاتێکدایە کە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕژیم، لەماوەی هەفتەکانی ڕابردوودا پەسندکردنی یاسای کۆنەپەرستانە و دژەژنی "جیجاب و عیفاف"ی لەلایەن شۆرای نیگەهبانەوە ڕاگەیاندووە. شۆرای نیگەهبانی رژیم ئەم گەڵاڵەیەی پەسند کرد و ڕەوانەی مەجلیس کرا تا لەوێشەوە بە مەبەستی جێبەجێ کردن بۆ دەوڵەتی پزشکیان بنێردرێ. بەڵآم لە ترسی تورەیی و نارەزایی خەڵک، کابینەی پزیشکان ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە ئەم یاسایە جێبەجێ بکات. دەسەڵاتی ئیسلامی دەیەوێت لەڕێگەی دەزگای سەرکوتی نیزامی، ئەمنیەتی، قەزایی و دامودەزگاکانی کۆنەپەرستی ئایینی و بە وەرگرتنی جەریمەی قورس لە خەڵک ئەم یاسایە بەڕێوەبەرێت. ئەم پلانە سەرکوتگەرانە، دەسەڵاتێکی زۆر بە مەئموورانی ئەمنیەتی و هێزەکانی سپا و پۆلیس و دەزگای قەزایی دەدات بۆ دەستنیشانکردن و دادگاییکردن و سەزادانی ئەو کەسانەی کە دژبە حیجابی ئیسلامی تەبلیغ و چالاکی دەکەن. بێگومان ئەمە گەڵاڵەیەکی ئەمنیەتی لەدژی هەموو کۆمەڵگایە. پەسندکردنی ئەم گەڵاڵە دژەژنە و ناردنی بۆ دەوڵەت لە کاتکێدایە کە سەرەڕای شەپۆلی یەک لە دوای یەکی سەرکوت و هاواری ئیمامانی جومعە و جووڵەی حیجاببانان، ژنانی ئازادە و بێباکی ئێران بۆ پێداگری لەسەر مافی ئینسانی و بنەڕەتی خۆیان لە هەڵبژاردنی جۆری پۆشین، بەردەوام بە بێ حیجابی ئیجباری دەچنە شوێنە گشتییەکان.

لەژێر فشاری خۆڕاگری و موقاومەتی بێباکانەی ژنان بەرانبەر بە حیجابی ئیجباری، ڕێبەران و یاسادانەرانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی زیاتر لە دوو ساڵە لە ترسی ڕووخانی دیواری بەرلینی حیجابی ئیجباری و لەدەستدانی کۆنتڕۆڵ بەسەر جەستەی ژنان، باس لە پێویستی گونجاندنی سەزای توندی وەک شەللاق و تەبعید لەم گەڵاڵەیەدا دەکەن

ترسی سەرانی ڕژیم لە ڕووخانی دیواری حیجابی ئیجباری و ترسی کابینەی پزشکیان لە جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی "حیجاب و عیفاف" نیشانەی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزە لەئاستی کۆمەڵگە دایە. ئەم هاوسەنگییە تازە بەرەبەرە و لە ئاکامی زیاتر لە چل ساڵ خەباتی سەنگەر بە سەنگەری ژنان دژبە هەڵاواردنی ڕگەزەی و سیاسەتی دژەژنی حکوومەتی ئیسلامی بووەتە ئەمری واقع. خەباتی بێ پسانەوەی ژنان لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا و بۆ نموونە حزووری بەرینی ژنانی ئازادیخواز لە ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، و پێشەنگایەتییان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا سەرچاوەی ئەو موقاومەتە بەرینەیە کە ئەمڕۆ لە مەیدانی خەبات دژ بە حیجابی ئیجباریدا خۆی نیشان داوە و سەرانی ڕژیم و فەرماندەکانی هێزی ئینتزامیی هیلاک و هەراسان کردووە

دیارە خەبات لەدژی حیجابی ئیجباری بوارێک نییە کە بەتەنیا بەرینایی خەباتی ڕزگاریبەخشی ژنانی ئێران نیشان بدا، بەڵام موقاومەت بەرانبەر بە حیجابی ئیجباری ئەمڕۆ بووەتە هێمایەک لە خۆڕاگری دژ بە یاسای ئیسلامی و لەبەرچاو نەگرتنی دەستووراتی حکوومەتی. کۆنتڕۆڵی دیاردەی بێ حیجابی لەدەستی ڕژیم چووەتە دەرێ و هەر ئەم واقعیەتەشە کە بەمجۆرە ڕێبەرانی حکوومەتی نیگەران کردووە. هێزی ڕەوانەکراو بۆ شەقام و زانکۆکان ناتوانن پاشەکشە بەو ژنانە بکەن کە حیجاب و ڕووسەرییان لەسەر لابردوە و یاسا ئیسلامییەکانیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە. جەماوەری بوونەوەی ئەم خەباتە ڕژیمی لەبەرامبەریدا داماو و بێتوانا کردووە

خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانێک کە حیجابی ئیجیارییان پێ سووکایەتییە بە حورمەتی ئینسانییان، لە یەک هەنگاویی سەرکەوتندایە. کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانی ئێران بە فڕێدانی ئەو حیجابەی کە بە زەبری سەرکوت بەسەریاندا سەپاوە، هەموو یاساکانی ئەم بوارە هەڵوەشێننەوە. ئەو خەباتەی کە بە سووتاندنی ڕووسەری لەسەر شەقام چووە قۆناغێکی نوێوە دەتوانێ لێبڕاوانە بەسەرەنجام بگات. بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و بەتایبەت بەشە چەپ و سۆسیالیستییەکەی دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەڵمەتەدا هەبێت. بزووتنەوەی کرێکاریی پێویستە ئاڵای خەبات دژبە حیجابی ئیجباری بگرێتە دەست. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە یەک هەنگاویی سەرکەوتن و ڕژیم لەسەر هەڵدێری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێ حیجابییە. پێویستە خەبات دژبە حیجابی ئیجباری بکەینە هەڵمەتێکی سەرتاسەری

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شورای هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی پێشەیی فەرهەنگیانی ئێران

### سەبارەت بە مەحکووم کردن و دوورخستنەوەی چوار مامۆستای دیواندەر

### هیچ دەنگێک کپ ناکرێت



چوار مامۆستای خەڵکی دیواندەره بە ناوەکانی : ئومێد شامحەمەدی- کاوە محەممەدزادە - پەرویز ئەحسەنی و هیوا قورەیشی، لە ئەندامانی شوڕای پێشەیی مامۆستایانی کوردستان، لە لایەن دەستەی "لێکۆڵینەوەی پێشێلکارییەکانی ئیداری پەروەردە و بارهێنان سەزای دەرکردن و دوورخستنەوەیان بەسەردا سەپێنرا. ئومێد شا محەمەدی و کاوە محەمەدزادە و هیوا قورەیشی لەسەرکاردەرکران و پەرویز ئەحسانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دوورخرایەوە بۆ قوروە

ئەو مامۆستایانە پێشتر لە لایەن دادگای شۆڕشی سنە بە تۆمەتی "کارکردن دژی ئاسایشی نەتەوەیی" لە ڕێگەی ئەندامێتی لە حیزبی "ژیانی ئازادی کوردستان" سەزای زیندانی هەڵپەسێردراویان بەسەردا سەپێنرابوو. ئەم سەزایانە پاش دەستگیرکردنی توندوتیژانە و ٧٦ ڕۆژ زیندانی لە ساڵی ١٤٠١ دەرچوون، لەو سەردەمدا ئەو مامۆستایانە لە دەست پێڕگەیشتنی پارێزەر و چاوپێیکەوتی بنەماڵە بێبەری بوون.

شوڕای هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی پیشەیی فەرهەنگیانی ئێران لە وەڵامی ئەم بڕیارانەداڕایگەیاند کە دەستەی "لێکۆڵینەوەی پێشێلکارییەکانی ئیداری، ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی مامۆستایان و جەختی لەوە کردووەتەوە: "هیچ کام لەم ڕێوشوێنە سەرکوتکەرانە ناتوانێت دەنگی عەداڵەتخوازی و داواکارییە ڕەواکان کپ بکات."ئەم شوڕایە هوشداری دا کە لە حاڵەتی هەڵنەوەشاندنەوەی ئەم حوکمانە، ئیعترازاتی مامۆستایان لە سەراسەری وڵات درێژەی دەبێ.

ئەم کارانە لە کاتێکدا ئەنجامدراوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند کەسێکی دیکەش لە مامۆستایان دەستگیرکراون. ئومێد حامدی مامۆستای دەبیرستانی شاهدی کامیاران و حەمید عەزیزی مامۆستا و دەرچووی دکتۆرا لە زانستەکانی ئیرتیباتات لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون و ڕەوانەی زیندان کراون.خێزانەکانیان بێبەش کراون

***


## فیدرالیزم کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی ناهێنێت

ئەو حیزب و لایەنانەی کە ئەمڕۆ خوازیاری دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی فیدرالی لە ئێرانن لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانەوە، بە فدرالیزم وەک "ڕێگاچارە" یەک بۆ ستەمی نەتەوەیی دەگەن. فیدرالیزم بۆ ئەوان وڵامێکە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران. بەڵام مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران وەک هەموو شوێنێکی تر بابەتێکی تایبەتە. هەر بۆیە کێشەی لایەنگرانی فیدرالیزم کاتێک ئاشکراتر دەبێت کە چوارچێوەی ئینسانی و جوگرافیایی ئەو نەتەوانەی کە گۆیا فیدرالیزم دەبێ گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکات، بەبنەما دادەنێن. نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بە چ پێوەرێک دیاری دەکرێن و سنووری جوگرافیایی دەسەڵاتی نەتەوەیی داهاتوویان لە چوارچێوەی ئێراندا چۆن دەستنیشان دەکرێت؟ تیئۆریسیەنەکانی پڕۆژەی فیدرالیزم بۆ ئێران، هەتا ئێستا نەیانتوانیوە وڵامێکی ڕوون بەم پرسیارە بدەنەوە

بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی دیاریکراو، فیدرالیزم وەک ڕێگاچارەیەک بۆ وڵام بەو پرسیار و ئیبهامانەی کە لەم بوارەدا دێنە گۆڕێ، ڕوونترە. لە کوردستان بزووتنەوەی جەماوەری و خەباتێکی دەیان ساڵە دژبە ڕژیمە دەسەڵاتدارەکان و دژبە ستەمی نەتەوایەتی لە ئارا دابووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خاوەنانی پڕۆژەی فیدرالیزم بۆ سەراسەری ئێران، ئەم مێژوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە و تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد بەڕەسمی ناناسن و فیدرالیزم وەک نوسخەیەکی یەکسان بۆ هەموو ئێران دەپێچن!! کەم نین ئەو ناسیۆنالیستە چەپ و ڕاستە ئێرانییانەی کە تەنیا بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندیی کوردستان لەناو پڕۆژەی فیدرالیستەکانی کوردستاندا، ستایشی ئەم جۆرە گەڵاڵانە دەکەن

هەروەک ئاماژەی پێدرا مەسەلەی کورد لە ئێران مەسەلەیەکی مێژوویی و تایبەتە کە پێویستی بە وڵامێکی دیاریکراوهەیە. فیدرالیزم وەک چارەسەرێک بۆ ستەمی نەتەوایەتی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان ئاڵاهەڵگرین، تەنیا سەراوێکە و توانای ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوەیی نییە. بۆ باقی خەڵکی ئێرانیش لە پێوەندی نێوانیاندا، هەنگاوێک بەرەو دواوەیە. فیدرالیزم نەتەنیا هیچ جۆرە کێشە وگرفتێک چارەسەر ناکات، بەڵکوو دەبێتە بارێک لەسەر شانی ئەو جەماوەرەی کە بەخاتری دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری هەزار و یەک دەردی دیکەش بەرۆکی گرتوون

لە ئێران، تەنیا مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی بزوێنەری بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرین بووە و داخوازیی دیاریکراوی هێناوەتە گۆڕێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ گۆشەیەکی ئێران بێجگەلە کوردستان، خواستی نەتەوایەتی لە ئاستێکی بەرچاودا نەهاتووەتە گۆڕێ و خەبات و بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ سەری بۆ هەڵنەداوە. کەوابوو بۆچی و بە چ هۆکارێک کەسانێک کە خۆیان بە خەباتکارانی بزووتنەوەی چینایەتی دەزانن، دەبێ مەسەلەیەکی ئاوا پەراوێزخراو لە ناو گەلانی دیکەی ئێراندا گەورە کەنەوە و ڕێگاچارەشی بۆ بتاشن؟ دیارە وەها سیاسەتێک هیچ پەیوەندییەکی بە چالاکی کۆمۆنیستییەوە نییە. ئەو جەماوەرەی کە پێکەوەن و هاوڕێ لەگەڵ یەکتر ڕژیمی دیکتاتۆری شایان ڕووخاند و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن و شان بە شانی یەکتر بەرەنگاری کۆسپەکانی ژنانیان دەبنەوە، جەماوەرێک کە کۆتایی هاتنی چەوسانەوە و هەژاری و بێ مافی ئاواتی هاوبەشیانە، بۆچی تەنیا بەهۆی جیاوازبوونی زمان، کلتوور، و سوننەتەکانی ژیانیان، لێکیان جیا بکەینەوە و لە قالبی نەتەوەیی و قەومیدا ڕێکیان بخەین،




ئەویش لە حاڵێکدا کە خۆشیان خوازیاری ئەوە نین؟ بۆچی لەجیاتی ئەوەیکە پێناسەی ئینسانی و چینایەتییان بەرجەستە کەینەوە، جیاوازیی نەتەوەیی و قەومی، سوننەتی مەحەلی و زمان و زاراوەیەک کە قسەی پێدەکەن، دەبێ بکرێتە نیگەرانی و مەسەلەیان؟ لەژێرناوی گیلەکی، مازەندەرانی، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمان، قەشقایی، بەختیاری، ئەرمەنی، جوو، مەسیحی، شیعە، سوننی و هتد دابەشیان بکەین و بەستێنی دووبەرەکایەتی و ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینی لەناویاندا پەرەپێبدەین و ناویشی بنێن "ڕێگاچارەی مەسەلەی نەتەوەیی؟" مەسەلەیەک کە لە ژیانی واقعی خەڵکانی سەراسەری ئێران، بێجگەلە خەڵکی کوردستان، لە هیچ شوێنێکی تر بزووتنەوەیەکی لێنەکەوتووەتەوە. هەر بەو دەلیلەیە کە دەڵێین هێنانەگۆڕی فیدراليزم لەسەر بنەمای قەوم و نەتەوە بۆ ئێران هەنگاوێک بەرەو دواوەیە و ڕێگایەکی پڕمەترسییە بۆ داهاتووی جەماوەرێک کە لەم وڵاتە دەژین

مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیک و ئەوەیکە پێی دەوترێ "لامەرکەزی" و فدرالیزمیش، بەر لە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆک و ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی. بەپێی ئەوەیکە چ دەوڵەتێک و بە کام ناوەرۆکی چینایەتی و سیاسیەوە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، دەتوانین لەسەر بەڕێوەبردنی دیمۆکراتیکی وڵاتێک قەزاوەت بکەین، نە لە ڕووی شکڵ و قەوارەیەک کە بەڕواڵەت بەخۆی گرتووە و بە بێ لەبەرچاو گرتنی ماهییەتی سیاسی و چینایەتییەکەی

جا لەبەرئەمە، بۆ ئێمە بەر لەوەکە باس لە فیدرالیزم و غەیرەفیدرالیزم بکرێت، بابەتی سەرەکی ماهییەتی چینایەتیی دەوڵەتی ناوەندی گرینگە. کەسانێک کە ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە دەکەنە مەشغەڵەی جەماوەری خەڵک و هەوڵ دەدەن لەجیات باس کردنی ماهییەتی دەوڵەت و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی، بیروڕای گشتی خەڵک بەرەو قەوارە و شکڵی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی داهاتوو بەرن، بەکردەوە دەیانهەوێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەجیات خەباتی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بۆ ڕووخاندنی ڕژیم و دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان، بەرەو ئاسۆی ناڕۆن ڕابکێشن و بیانکەنە هێزی پشتیوانی پڕۆژەکانی بۆرژوازی لە ئێران

لەم ڕوانگەوەیە کە دەڵێین درووشمی فیدرالیزم بەر لە هەموو شتێک ناوەڕۆک و ماهییەتی چینایەتیی دەوڵەتی ناوەندی لە بەر چاو ناگرێ و لە بیری دەباتەوە. لە ناخی وەها گەڵاڵەیەک دا بۆ داهاتووی ئێران، ڕێبازی سازشکارانە لەگەڵ بورژوازی ئێران شاراوەیە. ئەوان هەر لە ئێستاوە دەیانەوێ، ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندیی داهاتوو و تەنانەت ڕژیمی ئێستاش لە خەڵک بشارنەوە. بابەتی سەرەکی ئەوە نییە کە وڵات بەشێوەی فیدرالی یان غەیرەفیدرالی بەڕێوەبچێت، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە بە پێی کام بەرژەوەندی چینایەتی بەڕێوە بچێت؟

مەسەلەی کورد لە ئێران، مەسەلەیەکی تایبەت و دیاریکراوە و ناکرێ بە شێوەی دڵخواز بکرێتە مەسەلەی هەموو ناوچەکانی ئێران. ئەم مەسەلە تایبەتمەندیی مێژوویی خۆی هەیە. مەسەلەی کورد تەنیا مەسەلەیەکی ئێرانی نییە و ناوچەییە. لە وڵاتانی دیکەی وەک عێراق، تورکییە و سووریەش بوونی هەیە و لەسەری بزووتنەوەی جەماوەری وەڕێکەوتووە. خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی خۆیان، بۆ بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، واتە بەهرەمەندبوون لە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و دەسەڵاتداریەتیی خۆیان خەباتیان کردووە. مادام کە ئەم جەماوەرە لە ئێرانیش بیانهەوێ جیا ببنەوە و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکبێنن، پێویستە ئەم مافەیان بەرەسمی بناسرێت و ڕێگا بۆ وەدیهاتنی ئەم مافە خۆشبکرێت. ئەم جەماوەرە خوازیاری کۆتایی هاتنی ستەم و سەرکوتێکن کە دەوڵەتانی ناوەندی بەسەریاندا سەپاندوون. ئەم جەماوەرە بەنیازن ئامرازی سەرکوت و ستەم لە دەست دەوڵەتی ناوەندی بێننە دەر. بەڵام لەژێرناوی "ڕێگاچارە"ی فیدرالیستی، هەموو ئیختیارێکیان، بە دڵاواڵەییەوە بە دەوڵەتی ناوەندی دەسپێردرێت

بۆ نموونە: بە پێی گەڵاڵەی فیدرالیزم، ئەرتەش بە هەموو دامودەزگای ئەمنی و نیزامیەوە، سیاسەتی ئابووری و بوودجە و دیپلوماسی و سیاسەتی دەرەوە، هەر هەموویان لە ژێر دەستی حکوومەتی ناوەندی دا دەبێ و لە دەست کوردستان دا نابێ. فیدرالیستەکان وادەنوێنن کە بە هێنانەگۆڕی درووشمی فیدرالیسم، گۆیا وڵامیان بە پرسی نەتەوەیی داوەتەوە. بەڵام ئەوە چ دەسەڵاتێکی نەتەوەییە کە لەژێر سێبەری ئەرتەش و دامودەزگای سەرکوتگەری دەوڵەتی ناوەندیدا پێکدێت و دەبێ چاو لە دەستی بەرنامەڕێژانی حکوومەت لە تاران بن کە پارەیان بۆ بنێرن و هەرکات پێیان خۆش بوو لەژێر گوشاری گەمارۆی ئابووریدا بیان خنکێنن و یا بە هێزی چەک و ئەرتەش سەرکوتی کەن ؟ ئەوە چ دەسەڵاتێکی نەتەوەییە کە بە هۆی کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەکی، ڕێگەی پێنادرێت کە دەنگی خەڵکی کورد بە دەرەوە بگەینێ و تەنانەت ئیزنی ئەوەی نییە کە لەگەڵ ڕێکخراوی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆست پەیوەندی بگرێت؟!

کەوابوو ئەو حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستانەی کە ڕێگاچارەی فیدرالی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران داوا دەکەن، لەڕاستیدا بیر لە بەشخوازیی و بەشداری خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەنەوە و لەئاست مەسەلەی کورد لە ئێران کە بە ڕواڵەت سینگی بۆ دەکوتن، ڕاستگۆ نین. سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی پێویستە لە خزمەت ڕووخاندنیدا بێت. پێویستە لە خزمەت گۆڕینی ماهییەتی چینایەتی و سیاسیی ئەم ڕژیمەدا بێت. خەڵکی کوردستان تەنیا کاتێک بە مافی پێشێلکراوی خۆیان دەگەن کە شان بە شانی باقی هاوچارەنووسانیان لە ئێران بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێک هەوڵ بدەن کە مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆیان بەرەسمی بناسێت و کۆتایی بە هەموو شێوەکانی ستەمی نەتەوەیی لە سەرتاسەری ئێران بێنێت

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
## بەبۆنەی
## ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان (٢٠٢٤)

٦٤ ساڵ بەسەر مەرگی دڵتەزێنی خوشکەکانی میرابێل لە کۆماری دۆمینیکن بەدەستی خوێنڕێژانی ڕژیمی دیکتاتۆریی "ڕافائێل تروخیلیۆ" تێدەپەڕێت. تاوانێکی خۆفناک کە خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی دژبە ژنانی بردە قۆناغێکی نوێوە و سەرەنجام بوو بەهۆی ئەوەیکە ٢٥ی نوامبر وەک ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان بناسرێت. لەو کاتەوە هەتا ئێستا سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بەرینی کۆمەڵایەتی لە بواری ڕووکردنە بازاڕی کار و خوێندنی باڵای ژنان، سەرەڕای خەباتی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانە و فیداکاریەکانی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافە ئینسانییەکانیان، سەرەڕای وەڕێخستنی بزووتنەوەکانیان و پێشڕەوی و دەستکەوتەکانیان، ژنان هەروا یەکەمین قوربانییانی توندوتیژی و نابەرابەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگین. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی "ئاکسفام" زیاتر لە سێ ملیارد ئینسان لە جیهاندا ڕۆژانە کەمتر لە ٥ و نیو دۆلار داهاتیان هەیە و لە هەژاریدا بەسەر دەبەن. داهاتی ژنانی لەسەرکار لە سەدا ٥٠ لە داهاتی پیاوان کەمترە

زۆرینەی ٢٦٥ ملیۆن منداڵی بەجێماو لە خوێندن و ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس لەو هەژارانەی کە مەترسیی مەرگی پێشوەخیان لەسەرە، لە ژنان پێک دێ. چونکە لە هەر شوێنێک هەژاری حوکم بکات، ئەولەویەت بە کوڕانە کە بڕۆنە خوێندنگا و لە هەر شوێنێک برسیەتی هەڕەشە لە ژیان بکات، ژنان لە ڕیزی پێشەوەن. بەپێی هەر ئەم ڕاپۆرتە ئەگەر ئەو ٢٦ ملیاردێرەی جیهان کە بە قەد نیوەی خەڵکی دنیا سەروەتیان هەیە، تەنیا لەسەدا ١ زیاتر ماڵیات بدەن، ئەم ملیۆنها منداڵەی کە لە خوێندن بەجێماون دەتوانن بڕۆنەوە خوێندنگا و هەژارانیش لە مەترسی مردنی پێشوەخت ڕزگاریان دەبێت

لە سۆنگەی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە زیاتر لە ٤٣ هەزار کەس کوژراون و دەیان هەزار کەسیش بریندار بوون کە نزیکەی ٧٠ لەسەدیان ژنان و منداڵانن. ڕێکخراوی جیهانیی کار بەراوردی کردووە کە ٥٤ لەسەدی قوربانییانی




کۆیلەداریی مۆدێرن، کە بریتییە لە کاری ئیجباری و قاچاخی جنسی، ژنان و کچانن. زۆربەی ئەم ژنانە بەرەڕووی توندوتیژی، دەستدرێژی جنسی و هەڕەشە دەبنەوە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتە ئامارییەکان یەک لەسەر سێی ژنان و کچانی جیهان لەماوەی تەمەنیاندا لەگەڵ ەتوندوتیژیی فیزیکی یان سێکسی بەرەوروو دەبن. ئاماری ئەو کچانەی کە بەر لە تەمەنی یاسایی ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن یان ئەو ژن و منداڵانەی کە دەبنە قوربانی خەتەنە، دڵتەزێنە

لە کۆمەڵگای ئێران کە تێیدا دین و یاسای شەرعی ئیسلام لەگەڵ دەسەڵاتی سەرمایەداری تێکەڵ بووە و ژنان لە ڕووی یاساوە ڕەگەزی دووهەم بە حیساب دێن، توندوتیژی بەرانبەر ژنان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدارتر و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کارنامەیەکی پڕ لە جنایەتی لە بواری داسەپاندنی هەڵاواردن و بێ مافی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لەئاستی جیهاندا تۆمار کردووە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی "کۆڕبەندی جیهانیی ئابووری" سەبارەت بە پێوەری هەڵاواردنی ڕەگەزی لەسەر ئاستی جیهان، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبان لە لیستی ڕیزبەندیی بەرابەریی جینسیەتیدا لە خوارترین ئاست دان

ئەم ساڵ لە بارودۆخێکدا بەرەوپیری ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی ژنانەوە دەچین کە زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا تێپەڕیوە. ژنان لە ڕەوتی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەدا دروشمی ستراتێژیک و سەرکوتگەرانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی واتە "یا ڕووسەری یان تووسەری"یان بە دەنگی بەرز و بەهێزی "نە ڕووسەری و نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" وڵام دایەوە. ژنان بە کردەوەی هێماییی وەک فڕێدانی ڕووسەری لەسەر شەقام و سووتاندنیان، بە سەما و هەڵپەڕین بەدەوری ئاگردا جوانترین وێنەکانیان دژبە ڕژیمی ئاپارتایدی ڕەگەزیان خوڵقاند. یاساکانی دژی ژنی حکوومەتی ئیسلامییان تێکشکاند و بە بەرینایی وڵاتی ئێران تۆوی ئازادی و بێباکیان چاند و بە خوێنی خۆیان ئاویان دا. نارەزایەتی لێبڕاوانە و بوێرانەی "ئاهوو دەریایی" کە لە گەمارۆی هێزە سەرکوتگەرەکاندا قەلبی حکوومەتی ئیسلامیی کردە نیشانە، مژدەی چرۆدانی ئەم تۆوی ئازادییە دەدات.

ئەگەر سەردەمانێک ویدا موەحێد لە داهێنانێکی سەمبۆلیکدا ڕووسەرییەکەی بەدارەوە هەڵواسی، یان لە بزووتنەوەی ژینادا ڕووسەرییەکانیان سووتاند، کردەوەی بوێرانەی ئاهوو دەریایی هەڵگری ئەم پەیامەیە کە کاتی ئەوە هاتووە حیجاب و ڕووسەری فڕێ بدرێت و یاسای حیجابی زۆرەملی لەسەر شەقام هەڵوەشێتەوە. سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەژێر داروپەردووی دیواری حیجابی زۆرەملیدا گرفتاربوون و لە پەرەسەندنی کردەوەی بێباکانەی ئاهوو دەریایی یەکجار ترساون، لەوپەڕی داماویدا لە هەوڵێکی کۆنەپەرستانەدا بە تەرخانکردنی سەدان ملیارد تمەن، "ستادی تەرکی بەدحیجابی"یان دامەزراندووە. بێ خەبەر لەوەیکە ژنانی ئازادەی ئێران ئەم ستادەش بەسەر سەریاندا دەڕووخێنن

ژنانی هوشیار و ئازادیخواز دەزانن کە لە ئێران حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە پشت بەستن بە یاسای شەرعی ئیسلام وەک ئامرازی ئیدئۆلۆژیک و بە یارمەتی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و باوک سالاری، هەڵاواردن و نابەرابەری ڕەگەزی و توندوتیژی دژبە ژنانیان کردووەتە یاسا و ئەمری حکوومەت. لەڕاستیدا ئەم توندوتیژیە دەوڵەتییانە دژبە ژنان، بەستێنکی گونجاوی بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش دژبەوان خوڵقاندووە. هەربۆیە توندوتیژی دژبە ژنان بە هەموو نەهامەتیەکانیەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە پێویستە بەستێنی بەرهەمهاتنەوەی بناسرێت و بە پێی تایبەتمەندییەکانی بەشێوەی ڕێکخراو لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا، هێزی جەماوری ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و مرۆڤی ئازادە و بەرابەریخواز بۆ خەبات لەدژی بێنە مەیدان. نابێ ڕێگە بدرێت هیچ شێوازێک لە دەستدرێژی و توندوتیژی لەدژی ژنان وەک بابەتێکی شەخسی، بنەماڵەیی، قەومی، کلتووری و مەزهەبی پێناسە بکرێت و تاوانباران لە بەدواداچوون و سزا لە ئەمان دا بن. ستەمکێشی و توندوتیژی جێکەوتوو دژبە ژنان ڕیشەی لە دەسەڵاتی دین و سەرمایە دایە. هەربۆیە




خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی دژبە ژنان و هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتایدی جنسییەتی بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەبات دژبە سەرمایەداری و خەبات دژبە دەسەڵاتی مەزهەبی. لەم ڕوانگەوەیە کە لەناوبردنی بەستێنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاسایی توندوتیژی دژبە ژنان لە ڕێگەی هێرشی ڕادیکاڵ بۆسەر ڕژیمی سەرمایەداریی مەزهەبی زاڵ لە ئێران و لە مەسیری خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێپەڕدەبێت

با وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی خوشکەکانی میرابێل، ئەم پەپۆلە لەبیرنەکراوانە، وە هەموو ژنانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب کە لە ڕێبازی ڕزگاریی ژندا تێکۆشان و گیانیان بەختکرد، ڕۆژی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی هاوپشتیی جیهانیی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی دژبە ژنان، بکەینە ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمان لە خەبات بۆ پاشەکشەپێکردن بە مەزهەب لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژی خەبات دژبە نەزمی پیاوسالاری و سەرمایەداری و هەوڵی هەرچی زیاتر بۆ یەکگرتوویی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان

**نەمێنێ سەرمایەداری و پیاوسالاری**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٥ نوامبری ٢٠٢٤

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی

## ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار (١٤٠٣)

١٦ی مانگی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار، وەبیرهێنەرەوەی هێرشی ڕژیمی دیکتاتۆریی سەڵتەنەتی پەهلەوی بۆسەر زانکۆی تارانە. ٧١ ساڵ لەمەوبەر نزیکەی چوار مانگ دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢، خوێندکاران دژ بە سەفەری ڕیچارد نیکسۆن جێگری ئەوکاتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ ئێران و دژبە ڕێکخەرانی کوودەتا، زانکۆی تارانیان کرد بە مەیدانی ناڕەزایەتی. هێزە تایبەتەکانی ئەرتەشی کوودەتا کە لەئاست پەرەسەندنی ناڕەزایەتی خوێندکاران نیگەران بوون، لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا هێرشیان کردە سەر زانکۆی تاران. لە جەرەیانی ئەم هێرشەی ئەرتەشی ڕژیمی سەڵتەنەتی پەهلەویدا سێ کەس لە خوێندکاران بە ناوەکانی مستەفا بزورگ نیا، ئەحمەد قەندچی و مێهدی شەریعەت ڕەزەوی، درانە بەر گوللەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم و گیانیان لەدەستدا و سەدان کەس لە خوێندکاران دەستبەسەر و بریندار کران. لەو کاتەوە ١٦ی سەرماوەز بە نیشانەی هێمای خەبات دژی دیکتاتۆری لەلایەن ناوەندە خوێندکارییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕۆژی خوێندکار ناوزەد کرا. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی، زیاتر لە حەوت دەیە خەباتی دژ بە دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەوی و ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیدا تۆمار کردووە

بزووتنەوەی خوێندکاری دوای بەشداری چالاکانە لە ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ٥٧ی هەتاوی، کە نیزامی سەڵتەنەتی پەهلەویی لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا ڕاماڵی، ئەمجارە لە کێشمەکێشی نێوان شۆڕش و دژەشۆڕشدا، زانکۆی کرد بە گۆڕەپانی خەبات بەرانبەر بە دژەشۆڕشی




ئیسلامی. کاتێک دژەشۆڕشی ئیسلامی لەڕێگەی کوشتاری خوێناوییەوە سەنگەری موقاومەتی زانکۆیان گرتەوە، ئەمجارە خوێندکارانی خەباتکار لەژێر پێستی زەبروزەنگی پۆلیسیدا خۆیان بۆ نەبەردەکانی داهاتوو ئامادە کرد. لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ەوە کە هاودەستی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لەگەڵ سپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری لە هێرشیان بۆ سەر خوێندکاران، بوو بە بەستێنی دابڕانی بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و سازمانی تەحکیمی وەحدەت، بەشی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاری بەخێرایی داخوازیی سیاسی و ڕادیکاڵی کردە سەرلەوحەی خەباتی خۆی

لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا هاوکات لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری ژمارەیەکی بەرین لە خوێندکارانی چەپی ڕادیکاڵ چالاکییەکانی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان چڕکردەوە. بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران تەنانەت دوای سەرکوتی ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتا، هیچکات تەسلیمی خسووسی سازی و کاڵایی کردنی پەروەردە، ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای زانکۆکان، تەسلیمی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسەتی ئیسلامی کردنی زانکۆکان نەبوو. خوێندکارانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست لە ئاخێزی سەرتاسەریی بەفرانباری ٩٦یشدا چالاکانە بەشدارییان کرد و دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواوبوو ماجەرا"یان بردە ناو بزووتنەوەی سیاسی جەماوەرەوە. خوێندکارانی شۆڕشگێڕ لە خەزەڵوەری ٩٨دا، لەو حەوت ڕۆژەی کە ئاخێزی جەماوەر هەموو ئێرانی هەژاند، شان بە شانی بێبەشکراوانی شار هاتنە مەیدان، لەگەڵ ئەوان خوێنیان ڕژایە سەر سەنگفەڕشی شەقامەکان و لەگەڵ ئەوان خرانە بەندیخانە. بەڵام سەرکوتی دڕندانە

و خوێناویش نەیتوانی خوێندکاران چاوترسێن کات و ڕایانگەیاند کە ڕێگای گیانبەختکردووانی ئاخێزی خەزەڵوەر درێژە دەدەن.

بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ژینا لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە ئاستێکی کەم وێنەدا هاتە مەیدان و بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان مەهساین" زانکۆی کردە گۆڕەپانی مانگرتن و بەرپاکردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەدژی گشت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی. بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لەماوەی یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری لە حەوت تەپە، فولادی ئەهواز و ناوەندەکانی نەوت و پێترۆشیمی بە بەرپاکردنی ئاکسیۆنی نارەزایەتی لەسەر ستراتێژی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و



بێبەشانی کۆمەڵگە تەئکیدی کردووە. دروشمەکانی وەک "ڕۆڵەی کرێکارانین، هەردەم پشتیوانیانین"، "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، "خوێندکار، کرێکار، مامۆستا، یەکگرتن، یەکگرتن"، "خوێندکار وشیارە هاوڕێی کرێکارە" بەروونی هەڵوێستی چینایەتیی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاریان لەم قۆناغەدا نیشان دەدات

ئەمساڵ لە باروودۆخێکدا لە سەروبەندی ڕۆژی خوێندکار داین کە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شکستی ستراتێژی شەڕی پێشگرانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، ئاسۆی پەرەسەندنی گەمارۆ ئابوورییەکان و فشاری نێونەتەوەیی لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیران و درێژە و پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری و بزووتنەوەی نارەزایەتی، ناکۆکی و کێشمەکێشی باندەکانی حکوومەتی پەرەپێداوە و ڕژێمی لەگەڵ کێشە و ئاستەنگی نوێ بەرەوڕوو کردووەتەوە. کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەرینایی ئەم قەیرانە ئابوورییە و بەهۆی سرووشتی سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی ناتوانێ وڵام بە داخوازییە سەرەتاییەکانی چینی کرێکار، ژنان، خانەنشینان و پەرستاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بداتەوە. هەر ئەم ڕاستییەش لە کاتێکدا کە ستراتێژی سەرکوتی ڕژێمیش نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات، پەرەسەندنی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەریی خستووەتە ئاسۆوە

لەم باروودۆخەدا بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری بە ئیعتباری مێژووی درەوشاوەی دەتوانێ بە هەڵکردنی ئاڵای خەباتی دیموکراتیکی گەلاڵەکراو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستادا بۆ نموونە ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سەزای ئێعدام، هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملی و کۆتایی هێنان بە شەڕخوازی حاکمانی سەرمایە، بۆ جارێکی تر ئەرکی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێراندا بەجێ دێنێت

ئەمساڵ بەتایبەت لە باروودۆخێکدا کە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە درێژەی کۆمەڵکوژی لە غەززە و سەرکەوتنی بەسەر حیزبوڵڵا لە لوبنان، بەردەوام تەپڵی شەڕ دەکوتێ و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش لەوپەڕی داماویدا لەسەر ئەنجامدانی هێرشی تۆڵەسەندنەوەی بەناو "وەعدەی سادقی ٣" پێداگری دەکات و ناتوانێ جێبەجێی کا، ئەم فەزا جەنگییەش ئەرکی تایبەتی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە لە سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری دەخوازێت کە لە کاتێکدا کە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و بورژوازی ئێران بە هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و پەرەسەندنی شەڕ بەرەو ئێران و بە فشاری دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا بۆ پرۆژەی ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئومێدی بەستووە و ڕەوتی کۆنەپەرستی "چەپی میحوەری موقاوەمەتی" کەوتووەتە سەنگەری شۆڤێنیزمی تەحقیرکراوی سپای پاسدارانەوە. لەم باروودۆخەدا بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری پێویستە بە دەنگی ڕەسا شەڕخوازیی ئەم دوو بەرە تیرۆریستە مەحکووم بکات و ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی هەڵوێست و سیاسەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی و چەپی ئابڕووتکاوی میحوەری موقاوەمەت بۆ جەماوەری خەڵک ڕوون بکاتەوە

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای ڕێزگرتن لە ١٦ سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار و ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری بانگەشەی هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان دەکات بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە و پێکهێنانی پەیوەندی بەرینتر لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان

پیرۆزبێ ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار

بەرز و بەڕێز بێت یادی گیان بەختکردووانی بزووتنەوەی خوێندکاری

بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

سەرماوەزی ١٤٠٣

دێسامبری ٢٠٢٤

***

## تاوانی شەڕی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر خەڵکی کوردستان لە سووریە

هێرشی ئاسمانی و بۆمبارانی بەردەوامی شار و گوندەکانی کوردستان لە سووریە لە لایەن دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لەماوەی یەک مانگی ڕابردوو، زەرەر و زیانی بێشوماری لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی وێرانی زیاتری ژێرخانەکانی نەوت و گاز، وزەخانەکان، ناوەندەکانی پۆمپاژی ئاو لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوا. تەنیا لە پارێزگای "حەسەکە" زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە خەڵک لەم هەوا ساردەدا، بە بێ ئاو و بەرق و بە بێ سووتەمەنی ماونەتەوە و مەجبوورن لە مەودای ٢٠ کیلۆمەترییەوە بە تانکەر و بە پارەی زۆر ئاو بۆخۆیان دابین بکەن. بەڕێوەبەری گەیاندنی ئاوی حەسەکە ڕایگەیاندووە کە "باکووری ڕۆژهەڵاتی



سووریە بەرەوڕووی کارەساتێکی ئینسانی بووەتەوە. بڕینی دەستڕاگەیشتنی خەڵکی سڤیل بە ئاو لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە تاوانی شەڕە". لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەهۆی بۆمبارانی دەوڵەتی تورکیە، ناوەندەکانی گەیاندنی بەرق لە قامیشلی، عامودە، دەرباسیە و وزەخانەی سەرەکی لە سویدیە لەناوچوون و بووەتە هۆی بێ کارەبایی و بێ ئاویی گشت ناوچەکە. ڕەهەند و ئاکامەکانی هێرشی جنایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر خەڵک هێندە بەرین بووە کە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی فێوریەی ئەمساڵدا لە ڕاپۆرتێکدا جەختی کردووە کە: "هێرشی تورکیە بۆسەر دامەزراوەکانی کارەبا لە کوردستانی سووریە دەکرێ وەک تاوانی جەنگ پێناسە بکرێت. چونکە خەڵکی ئاسایی لە دەستڕاگەیشتن بە ئاو بێبەری کردووە"

هاکان فیدان، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی سیخوڕیی "میت" و وەزیری دەرەوەی ئێستای دەوڵەتی ئەردۆغان، لەوپەڕی بێشەرمیدا ڕایگەیاند کە: "هەموو ژێرخان و دامەزراوەکانی وزەی کوردستان هی پارتی یەکیەتی دیموکراتیک (پەیەدە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" و "پەکەکە" لە سووریە و عێراقە و ئەم شوێنانە بە ئامانجی نیزامی و ئەمنی و زانیاریی تورکیە دێنە ئەژمار"

ئۆپراسیۆنی بەرینی نیزامی ئەم داوەی تورکیە لە سووریە بە بیانووی هێرشی نیزامی دوو کەسی چەکداری پەکەکە بۆسەر ناوەندی سەنعەتی هەوا فەزای تورکیە "توساش" لە ئانکارا لە ڕۆژی یەکی خەزەڵوەر ئەنجام دەدرێت.

ئەو دوو کەسە چەکدارە لە کوردەکانی تورکیە بوون و پەیوەندییەکیان بە ڕۆژئاواوە نەبوو. بەپێی ئامارەکان ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە، بەدوای داگیرکردنی پارێزگای عەفرین هەتا ئێستا سەدان جار مەیدانەکانی نەوت و گاز و ناوەندەکانی بەرق و ئاو و خزمەتگوزاری پزیشکی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی خۆسەری ڕۆژئاوا بۆمباران کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا "ئاسایش"، تەنیا لە ڕۆژی پێنجی مانگی خەزەڵوەردا ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە ٩ جار بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان وە زیاتر لە ١٣٠



جار بە تۆپ و خۆمپارە ناوچەکانی کوردستانی سووریەی بوردومان کردووە. بەرینایی هێرشە نیزامییەکانی ئەرتەشی تورکیە تا ڕادەیەک بووە کە دە ڕۆژ لەمەوبەر نوێنەری پووتین بۆ کاروباری سووریە لەئاست ئەم هێرشانە ناڕەزایەتی دەربڕی و بە بابەتێکی قەبووڵنەکراو وەسفی کرد

ئەم تاوانەی حکومەتی تورکیە لەبەرچاوی هێزەکانی ئەمریکا و لە بێدەنگیی ئەواندا ئەنجام دەدرێت. ئەو هێزانەی کە گۆیا هاوپەیمانی هێزەکانی سووریەی دیموکراتیک "قەسەدە"ن. ئەم هێرشانە لە کاتێکدا بەڕێوەدەچن کە بەرپرسانی ڕێکخراوی خۆبەڕێوەبەر لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گەلێک جار ڕایانگەیاندووە کە: "ئێمە بۆ ئەمنیەتی تورکیە مەترسی نین و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئامادەین لەگەڵ تورکیە گفتوگۆ بکەین". بەڵام ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠١٦وە بە ئامانجی زێدەخوازانە و بەهۆی مەیلی فاشیستییەوە بەبیانووی پووچ و بێبنەمای نەبوونی ئەمنیەت لە سنوورەکانی سووریە، هەتا ئێستا لە سێ قۆناغی عەمەلیاتی بەرینی نیزامیدا، بەشێکی زۆر لە کوردستانی سووریەی داگیر کردووە

پێویستە بوترێ کە خەڵکی کوردستانی سووریە لە کاتێکدا ڕۆژانە بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە، بە درۆن و فڕۆکە و تۆپخانە و مین هێرشیان دەکرێتە سەر کە ئەردۆغان و باقی هاوپەیمانانی لەناو دەوڵەتدا، فریوکارانە باس لە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ پەکەکە دەکەن. ئەنجامدانی وەها هێرشێکی نیزامی وەحشیانە دژبە خەڵکی کوردستان لە سووریە، نیشانەی ئامانجی فریوکارانەی دەوڵەتی تورکیەیە لە ئەنجامدانی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان لە تورکیە لە ڕێگەی دیالۆگەوە. هەروەها نیشانی دەدات کە ئەردۆغان بەهۆی ئاراستەی شۆڤێنیستییەوە، دژی بوونی ڕێکخراوی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوایە. بە وەها ڕق و کینەیەکەوە ئەردۆغان ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی مانگی خەزەڵوەر ڕایگەیاند کە لە هێرشە نیزامییەکانی بۆسەر ڕۆژئاوا بەردەوام دەبێت. ئەمە هەر ئەو ئاراستە فاشیستییەیە کە نەتانیاهۆ هەتا ئێستا لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە بەکاری هێناوە.

ئەردۆغان داوای لە حکومەتی بەشار ئەسەدیش کرد کە بەشێوازی ئەو لەگەڵ خەڵکی کوردستانی سووریە هەڵسوکەوت بکات. ئەم داوا بێشەرمانە لە کاتێکدایە کە بەشار ئەسەد هەتا ئێستا چەندین جار بەشێوەی بێڕێزانە شەرتی ئەنجامدانی هەر دیدارێکی لەگەڵ ئەردۆغان کۆتایی هێنان بە داگیرکاری لە سووریە وەسف کردووە و ڕایگەیاندووە کە حازر نییە چاوی پێی بکەوێت. ئەردۆغان بۆمبارانی ڕۆژانەی باکووری سووریە و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی سووریە لەلایەن ئەرتەش و گرووپە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی خۆی بە هەڕەشە بۆسەر دەسەڵاتی سووریە نازانێت و دەڵێ: "ئێمە بۆ یەکپارچەیی خاکی سووریە هەڕەشە نین. ئەوەیکە هەڕەشەیە تیرۆریستەکانی پەکەکە و پەیەدەن"

ڕاستیەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاک پارتی لەگەڵ قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، پەنابەری و هیتر لە ناوەوە بەرەوڕووە. بەهای لیری تورکیە بەردەوام دێتە خوارێ. تەوەروم و گرانی ڕێژەیەکی بەرینیان هەیە و توانای کڕینی کرێکاران و دەیان ملیۆن خەڵکی زەحمەتکێش یەکجار دابەزیوە و بێکاری پەرەی سەندووە. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا ئاک پارتی لە بەرانبەر ڕەقیبەکانیدا شکستێکی گەورەی خواردووە. هەوەرها بەهۆی سیاسەتی نەزانانەی ئەردۆغان، تورکیە لەسەر ئاستی جیهانی و لە دیاریکردنی سیاسەتی ناوچەییشدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەدەست داوە. لە وەها بارودۆخێکدا هێنانە گۆڕی باسی دیالۆگ لەگەڵ پەکەکە لەلایەکەوە و پەرەپێدانی هێرشی نیزامی و دژەئینسانی بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە لە لایەکی دیکەوە، نیشانەی ئەوپەڕی داماوی ئەردۆغان و دەوڵەتەکەیەتی

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بۆسەر کوردستانی سووریە مەحکوومە!

لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆرییەتی ٥٣ ساڵەی ئەسەد لە سووریە کە بەرهەمی ڕێککەوتنی پشتی پەردەی نێوان دوو جەمسەری ئیمپریالیستی بەشدار لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەیە، حکومەتی فاشیستی ئەردۆغان لەم دەرفەتە کەڵکی وەرگرتووە و بە بەکارهێنانی هێزە نیابەتییە کۆنەپەرستەکانی لەوانە "ئەرتەشی میللی سووریە"، هێرشی وەحشیانەی خۆی بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کوردستان پەرەپێداوە. ئەرتەشی تاوانکاری تورکیە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەکرێگیراوانی تیرۆریستی ناوخۆیی، منبج و تەل ڕەفعەت، دوو شاری گرینگی کوردستانی سووریەی داگیر کردووە و بەردەوامە لە بوردومانکردنی قامیشلو و ناوچەکانی دیکە

ئەرتەشی تورکیە و هێزە تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی لە سووریە کە ساڵەهایە شارەکانی کوردستان لەوانە کۆبانی و عەفرینیان کردووەتە ئامانج، بەم هێرشە دڕندانە نەتەنیا دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاعیان کوشتووە و بریندار کردووە و زەرەر و زیانی بەرینی ماددییان لەم ناوچەیە داوە، بەڵکوو مەترسیی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆشیان لە سووریە کردووەتە ئەمری واقع. ئەگەرچی ئاسمانی سووریە بەکردەوە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلدایە، بەڵام لەسەر زەوی، ئەم بۆمباران و هێرشە دڕندانە بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا و حکومەتی ئیسرائیل ئەنجام نادرێن. حکومەتی کۆنەپەرستی ئەردۆغان کە خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەبینێت، بەتەمایە سوود لەو بۆشاییە وەربگرێت کە لەدوای ڕووخانی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر دروست بووە و جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی خۆی لە سووریە پەرەپێبدات و بەوەش پێگەی خۆی وەک هێزێکی یەکلاکەرەوە لە حکومەتی داهاتووی سووریەدا پتەو بکات

ئەردۆغان لە پەیوەندی سیاسی و خەباتکارانەی خەڵکی مافخوازی کورد ئاگادارە و ئیدارەی خۆسەری کوردستانی سووریە، دەستکەوتە بەرینەکانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەم ناوچەیە و بوونی میلیشیایەکی جەماوەریی دەیان هەزار کەسی بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەبینێت تەنانەت لە ناو تورکیەشدا. دەوڵەتی فاشیستی تورکیە حەماسە و توانا و زەرفیەتێک کە هێزی چەکداری پێکهاتوو لە دەیان هەزار ژن و پیاوی ڕەزمەندەی کوردستانی سووریە بەرانبەر بە هێزی کۆنەپەرست و دڕندەی داعش لەخۆیان نیشان دا، بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەبینێت کە لەسەر بنەمای دیکتاتۆری و سەرکوت دامەزراوە. دوژمنایەتی و سیاسەتی دژەئینسانی و ڕەگەزپەرستانەی ئەردۆغان دەرهەق بە نەتەوەی ستەملێکراوی کورد سنوور ناناسێت و لەم شەڕە نایەکسانەدا هەموو پەیمان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردووە

بێگومان ڕێگای بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی هەتا ئێستای کوردستانی سووریە، داواکردنی پشتیوانی لە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نییە. سیاسەت، بەرژوەند و سرووشتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەمیشە لە بەرامبەر بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدایە. خۆشباوەڕی وچاوەڕوانی لە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل کە دەیان ساڵە ڕوویان کردووەتە

هەر شوێنێک چارەنووسی خەڵکی ستەملێکراو و بێدیفاع و مافەکانیان کردەووتە فیدای بەرژەوەند و قازانجپەرەستیی بێسنووریان، سیاسەتێکی وێرانکەر و زیانبەخشە بۆ داهاتووی ئەم خەڵکە چەوساوەیە و خەباتی بەردەوامیان بۆ ڕزگاری. چارەنووسی عێراق، ئەفغانستان، سووریە، لیبی و دەیان نموونەی دیکە لە شەڕ و دەستتێوەردانی ئیمپریالیستەکان سەلمێنەری ئەم ئیدیعا و ئەزموونەیە

خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە سووریە تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆیان و تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز لە سەرتاسەری سووریە و بە پشتیوانیی نێونەتەوەیی



دەتوانن لە دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی هەتا ئێستای خۆیان بەرگری بکەن. ئەزموونی خەبات دژبە داعش و بەرخۆدانی سەربەرزانەی کۆبانی و عەفرین، ئەم ڕاستییەی سەلماندووە. خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سووریە پێویستە داکۆکیکارانی ڕاستەقینەی خۆیان لەناو خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی سووریە و ناوچەکە و سەرتاسەری جیهاندا بدۆزنەوە

دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد بە سات و سەودای پشتی پەردەی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ڕووخا بەڵام خەڵکی وەگیانهاتووی سووریە بۆ گەیشتن بە ئازادی، ئەمنیەت و ڕزگاریی ڕاستەقیە ڕێگایەکی دوورودرێژیان لەبەرە. ئازادی و ڕزگاریی یەکجاریی ئەو خەڵکەی کە ساڵەهای ساڵە ناچار بوون شەڕ و ئاوارەیی تەحەمول بکەن، تەنیا بە بەشداریی چالاکانەی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و پیاوانی هوشیار و ئازادیخواز بە ئاسۆی گەش و ڕادیکاڵەوە دێتە دی

خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی سووریە لەم بارودۆخە ئاڵۆز و پڕ لە مەترسییەدا بەتایبەت لە بەرامبەر هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان و بەکرێگیراوانیدا، شایەنی زۆرترین پشتیوانین لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم هێرشە وەحشیانەیە و ڕاگەیاندنی هاوخەباتی لەگەڵ خەڵکی مافخواز لە کوردستانی سووریە، لە خەڵکی ناوچەکە و کوردستان و هەموو ڕێکخراوە چەپ و ئازادیخوازەکان داواکارین کە لەدژی ئەم داگیرکارییە و لەدژی سیاسەتی دژەئینسانیی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیە ناڕەزایەتی دەربڕن

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

١١ی دێسامبری ٢٠٢٤

***

## ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەزەبری فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئیسرائیل هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە نییە

دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل کە لە غەززە بە بۆمباران و مووشەکبارانی بەردەوام و وێرانکاری، بە کوشتنی زیاتر لە ٤٢ هەزار فەلەستینی، بە پەرەپێدانی قاتی و برسیەتی لەم وڵاتە، بە لەناوبردنی هەموو ژێرخانەکانی تەندروستی و پەروەردە و فەرهەنگی نیشانی داوە کە دابینکردنی "ئەمنیەت"ی ئیسرائیل لە نابوودیی نەتەوەی فەلەستیندا دەبینێ، لەئێستادا بە ڕاگەیاندنی قۆناغێکی تازە لەژێرناوی "شەڕ بۆ گەڕاندنەوەی هاووڵاتییانی ئاوارەی باکووری ئیسرائیل"، بڕیاری داوە کە بە کوشتار و خەڵتانی خوێن کردنی خەڵکی سڤیل و وێران کردنی ماڵ و تەنانەت نەخۆشخانە و دەرمانگاکان، خەڵکی لوبنانیش بە چارەنووسی دانیشتووانی غەززە گرفتار بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان هەتا ئێستا زیاتر لە هەزار و ٤٠٠ کەس لە هاووڵاتییانی لوبنان و لەناویاندا سەدان منداڵ گیانیان لەدەست داوە و هەزاران کەسیش بریندار بوون. تەنیا شەوی شەممە، بەهۆی بۆمبارانە بەرینەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە ناوەندی شاری "نەبەتییە" ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی کوژران. لە درێژەی پێکدادانەکاندا، سوپای ئیسرائیل فەرمانی چۆڵکردنی ٢٣ گوندی دیکەی باشووری لوبنانی داوە و تا ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس کە دەکاتە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی لوبنان لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون. ئەم کەسانە قوربانی هێرشی فرۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیلن بۆ سەر "ئامانجە سەربازییەکانی حیزبوڵڵا" لە بەیرووت. لە وەڵامدا، حیزبوڵڵاش بە مووشەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر باکوور و ناوەڕاستی ئیسرائیل و بەهۆیەوە چوار سەربازی ئیسرائیلی کوژراون و دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون

قۆناغی نوێی ئەم قەیرانە جەنگییە لەلایەکەوە درێژەی سیاسەتی دەوڵەتی دەستی ڕاستیی نەتانیاهۆ بۆ پەرەپێدانی بەرینایی شەڕ و گۆڕینی جینوسایدی خەڵکی فەلەستین لە غەززە بۆ دەستپێکی شەڕێکی ناوچەییە و لەلایەکی دیکەوە درێژەی شەڕی فەرسایشی گرووپی کۆنەپەرستی حیزبوڵڵا لەدژی ئیسرائیل بەپێی نەخشەی ستراتێژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. دەوڵەتی ئیسرائیل کە نەیتوانیوە لە شەڕی غەززەدا بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی واتە نابوود کردنی حەماس و ئازادکردنی بەدیلگیراوان بگات و لە ناوەوەش گرفتاری قەیرانە، مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە گرتنەبەری تاکتیکی تەهاجومی و پەرەپێدانی ڕەهەندەکانی شەڕ لە ناوچەکەدا دەبینێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لەڕێگەی حیزبوڵڵا، واتە باسکی سیاسی و نیزامیی خۆی لە لوبنان، بە درێژەی ستراتێژی شەڕی درێژخایەن و فەرمایشی بەرانبەر ئیسرائیل بەکردەوە بەستێنی بۆ بەرپێوەبردنی سیاسەتە جەنگییەکانی دەوڵەتی دەستی ڕاستیی ئیسرائیل ئامادە کردووە

ئەگەر هێرشی مووشەکیی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و کوشتنی فەرماندەکانی سپا و تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە تاران، کادری ڕێبەریی سپای پاسدارانی بەو باوەڕە نەگەیاندبوو کە سەردەمی شەڕی درێژخایەن و نیابەتی دژبە ئیسرائیل



بەسەر چووە، لەم دواییەدا هێرشی یەک لە دوای یەکی ئیسرائیل بۆسەر حیزبوڵڵا، ئەو زەربە قورسانەی کە لەم گرووپەی داوە و ڕەهەندەکانی کوشتن و وێرانیی ئەم شەڕە نابێ گومانێ بۆ هێشتبنەوە کە ستراتێژی شەڕی بەرگرانە و فەرسایشیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر دەوڵەتی ئیسرائیل شکستی هێناوە. چونکە دەوڵەتی ئیسرائیل نیشانی داوە کە دەیهەوێ ستراتێژی شەڕی فەرسایشیی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا بە تاکتیکی هێرشبەرانە و داگیرساندنی شەڕی ڕاستەوخۆ و گشتگیر وڵام بداتەوە. هاوەدەنگیی ئەندامانی کابینەی جەنگی ئیسرائیل لە ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی شەڕ نیشانەی ئەوەیە کە فاشیستەکانی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل بۆ ئەم قۆناغە لە شەڕیش هەروەک عەمەلیاتی جینۆساید لە غەززە ڕەزامەندی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەورووپایی ئەمریکایان لە ناتۆ وەرگرتووە

کادری ڕێبەریی سپای پاسداران کە لە بواری ستراتێژیکدا بێ دەرەتانە و ناتوانێ بۆ داکۆکی لە مەوجوودیەتی حیزبوڵڵا ڕاستەوخۆ هەنگاو بنێت، بە دواین هێرشە مووشەکییەکەی بۆسەر ئیسرائیل خۆی زیاتر خستووەتە گێرەوکێشەوە. چونکە کادری ڕێبەریی سپای پاسداران چوونە ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناتۆ لەڕاستای ستراتێژی پاراستن و مانەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندە ئابوورییەکانیدا نابینێت. دەست لەسەر دەست دانان و بژاردەی "سەبری ستراتێژیک"یش بێجگەلە پەرەپێدانی قەیران و ململانێی نێوان باندەکانی حکوومەتی ئیسلامی و لەدەستدانی هێزەکانیان، بەکردەوە بە مانای قەبووڵکردنی شکستی ستراتێژی شەڕی پێشگرانە و بێ خاسییەت بوونی "میحوەری موقاوەمەت"ە، کە قەرابوو لە "سووریە و

لۆبنان بەشەر بێن تا ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی لە خورەمشار و تاران زەمانەت بکرێت". حیزبوڵڵاش کە توێژێک لە سەرکردایەتی و فەرماندەیی و بەشێک لە توانای سەربازی خۆی لە ژێر هێرشە قورسەکانی سوپای ئیسرائیلدا لەدەستداوە، خوازیاری پەرەستاندنی ئەم شەڕە نییە. دەوڵەتی بایدن لە ئەمریکاش کە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدایە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شکستانەی کە لە لەشکرکێشی و شەڕ لە ئەفغانستان و عێراق تووشی بووە، بەهۆی نیگەرانی لەئاست داهاتووی ئێران، شەڕی ئۆکراین و ئەو ئەولەوییەتانەی کە لە کێبەرکێ لەگەڵ چین و ڕووسیە لە دەستووری کاری دایە، چوونە ناو شەڕێکی گشتگیر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕاستای بەرژەوەندی خۆیدا نابینێت. بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل بەهۆی شکست



و بێ ئاکام مانەوەی لە غەززە، دەیهەوێ لە هێرش بۆسەر حیزبوڵڵا و ئەو زەربە قورسانەی کە لێی داوە وە هەروەها لەو ئاستەنگانەی کە ڕژێم بەرەورووی بووەتەوە وەک دەرفەتێک بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خۆی و بە زیانی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرێت. هاوسەنگییەک کە نەتەنیا تێیدا حەماس جێگە و پێگەیەکی لە دیاریکردنی داهاتووی غەززەدا نەبێت، نەتەنیا بۆ هەمیشە کۆتایی بە مووشەک هاویشتنی حیزبوڵڵا بێنێت، بەڵکوو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانیشی توانای درێژەی شەڕی پێشگرانە و توانای بەدواداچوونی پیلانی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جوگرافیایان نەمێنێت. لەم ڕووەوە دەوڵەتی ئیسرائیل بەدوای داگیرساندنی شەڕێکی گشتگیر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانیەتی. ئەگەر دەوڵەتی نەتانیاهۆ لەم بوارەدا پارێزکارانە دەجووڵێتەوە تەنیا بەو دەلیلەیە کە هێشتا لە هاوکاریی تەواوی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی ئەمریکا لە ناتۆ دڵنیا نەبووەتەوە. بەڵام ئەزموونی یەک ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە لە بارودۆخێکدا کە پێگەی هەژمۆنیک و ڕێبەریی ئەمریکا لە جیهان و ناوچەکەدا ڕوو لە لاوازبوونە، دەوڵەتی ئیسرائیل وەک هاوپەیمانێکی ستراتێژیک و جێی متمانە، توانیویەتی ئەمریکا بەرەو ملنان و قەبووڵکردنی نەخشەکانی خۆیدا بەرێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتۆرانە هەرچەند ئەگەری شەڕێکی گشتگیر و ناوچەیی هێشتا لاوازە، بەڵام مەترسی سەرهەڵدانی وەها شەڕێک جیددییە و دەبێ بەجیددی وەربگیرێت. لەبەر ئەوەیکە لایەنەکانی ئەم شەڕە هەڵسەنگاندنێکی ڕوون و وردیان لە ئاستی تەحەمولی یەکتر نییە و هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی هەڵە دەتوانێ شەڕێکی ماڵوێرانکەری ناوچەیی داگیرسێنێت

بێگومان کرێکاران و خەڵکی فەلەستین، لۆبنان، ئیسرائیل و ئێران کە هەر کامیان بەجۆرێک قوربانیی سەرەکیی ئەم شەڕخوازییانەن، هیچ بەرژوەندییەکیان لەم شەڕە کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیەدا نییە. شەڕی ئیحتمالی و گشتگیری نێوان دەوڵەتی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕژیمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و جەحەنەمێکە کە حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران بەرپای کردووە. ئەم شەڕە شەڕێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە و بۆ خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و ناوچەکە هیچ قازانج و بەرژوەندێکی تێیدا نییە. هەروەک چۆن لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمی تاڵەبان و سەدام و ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەزافی لە لیبی لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی ناتۆ بێجگەلە وێرانی، ئاوارەیی، هەژاری و پەرەسەندنی ڕەوتە توندڕەوەکانی ئیسلامی سیاسی ئاکامێکی تری نەبوو، شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێرشی فرۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلیش ئاکامێکی لەوە باشتری نابێت

مەترسیی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە هەتا ئێستا بێجگەلە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و دابەزینی زیاتری بەهای ڕیاڵ لە بەرانبەر دۆلار، چوونەسەری نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و پەرەسەندنی شەپۆلی ڕەشبگیری و ئێعدام و کەشوهەوای ئەمنیەتی، ئاکامێکی دیکەی نەبووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕێکی گشتگیر و پەرەسەندنی کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی، بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ بەدواداچوونی خەبات و ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەری دەکەونە هەلومەرجێکی دژوارترەوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێرانیش بۆ شکڵدان بە ئاڵتێرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی دەکەوێتە دۆخێکی دژوارترەوە. لەم ڕووەوە "ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی" بەزەبری فرۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل کە سەرانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان مەوعیزەی دەکەن هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە نییە. بەڵام بێگومان لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕدا چینی کرێکار و هێزە شۆڕشگێڕەکان نابنە تەماشاچیی بێکردەوە. ستراتێژی ڕاگەیەندراوی ئێمە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و یارمەتیدان بە ڕێکخستن و ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ ڕاپەڕین لەپێناوی گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی ناگۆڕدرێت، تەنیا بارودۆخی چالاکی و پێشخستنی ئەم ستراتێژییە دەگۆڕدرێت

❁❁❁

## پێویستییەکانی هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان

١- چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و دێ هێزی سەرەکی پاڵنەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێک دێنێ، گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار، وەرێ خستنی ڕێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، ڕێکخراو بوونی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک لە دژی ڕژیم لە پێویستییەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و هاتنە دی دەسەڵاتی جەماوەری چەوساوە و ستەم لێکراوی کوردستانە

٢- مەرجی پێویستی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵک، دابڕانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە لە ستراتیژ، ئاسۆ، ئامانجەکان و سیاسەتەکانی حیزبە بورژواییەکانی کوردستان و بە هێز کردنی ستراتیژی سوسیالیستی لە بەرانبەر ستراتیژی ناسیونالیستی بە پانتایی کۆمەڵایەتییە. ئەنجام دانی ئەم ئەرکە گەورەیە لە گرەوی ڕۆشنایی تێگەیشتنێکی ڕوون لە ئامانج و بەرنامە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندایە

٣- دابین بوونی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان بە سەر چارەنووسی خۆیاندا بەرهەمی درێژەی خەباتێکی جەماوەری هەمە لایەنەی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیزامی لە دژی کۆماری ئێسلامییە، ئەم خەباتە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بەرە و پێشیی خۆی خەڵک بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتی داهاتووی خۆیان تەیار دەکات و سەرەنجام بە تەوژمی هەمەلایەنە بۆ سەر تەواوییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان پێویستییەکانی سەرکەوتنی یەکجارەکی مسۆگەر دەکات

٤- بە دارمان و لە بەریەک هەڵوەشانی هێز و ناوەندەکانی حکومەتی ناوەندی و پاشەکشێی ئەوان، کار تەواو نابێ. سەرکەوتن لەم قۆناغەدا بە پێک هێنای ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری لە شار و دێ و ڕێکخستنی پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی شوراییی لە کوردستان گەشە دەکات

٥- تەزمینی بەردەوامیی سەرکەوتن، لە گرەوی تێک شکاندنی یەکجارەکی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی و پێشڕەوی بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئاستی سەرتاسەری دایە. ساناترین و هەموارترین ڕێگای پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی سەرکەوتوو لە کوردستان لێک هەڵپێکرانیەتی لەگەڵ شورشێکی سەرتاسەریی لە ئێراندا

❁❁❁

## شێعر

### گڕ

له زستانێکی وا تووشدا
ئاگردانی دڵی پەستم
بۆ داری تەڕی ئەوینت
واڵا ناکەم
وەکو بەڕووی تفت و تاڵم
به پۆلی سووری گەش نەبێ
باڵا ناکەم.
کوورەی بیرمان
به هەناسەی بەش خوراوان
جۆشدراوە
به گڕی ئاگری سووری ئەو کوورەیە
لاجانگ و ڕوی سوورو سپی
له ناو خۆشی و نازدا کپی
ئەوانە هەڵ دەپرووکێنین
کار ناکەن و
به " خودا پێداو" نێو نراون!
ئەوانەی قەت
تینی هەتاو لێی نەداون
تا چی دیکە له بەرانبەر
ڕوومەتی ڕەش دا گەڕاوی
به تینی هەتاو سووتاوی
ئێمه ڕەنجدەر
به ناز خۆ هەڵنەشەنگێنن
ئەڵێن ئێمه ناسکین و
دادەنیشین
ئێوەش بۆمان بەرهەم بێنن!
ئەی ئەوانەی
دەروونتان خەڵوزی ڕەشی
سارد و سڕە
چاک بزانن
دەروونی ئێمەی چەوساوە
هەموو کاتێک پشکۆ و گڕە!
نه خشڵ و زێڕ و تەڵاتان
نه قفڵ و قاسە و پۆڵاتان
نه زیندانی شیشه بەند و
نه داری قامچی و تێڵاتان
بەرامبەر بەو گڕە سوورە
خۆ ناگرن.
سەد هێندەی دی
له زۆرداری پێ داگرن
ڕۆژێک هەر دێ
له بەرامبەر
سەری بڵیندی ئێمەدا
سەر داگرن!

" ڕەسوڵ سەیداوایی"

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵه به کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ۴:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
۰۰٤٦٧٦۰٨٥٤۰١٥
۰۰٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
۰۰٤٣٦٦۰١١٩٥٩۰٧